# ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی

# ١



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی

## بەرگی یەکەم


**ئێدیت سۆدێرگران**

**گوننار ئێکێلۆف**

**ئارتور لوند کڤیست**



وەرگێڕانی لە سوێدییەوە:

رزگار شێخانی





کتێب: ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی
شیعری: ئێدیت سۆدێر گران – گوننار ئێکێلۆف – ئارتور لوند کڤیست
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٨٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی گشتیی لە هەولێر ژمارە (٣٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ



ئێدیت سۆدێرگران
١٨٩٢ - ١٩٢٣

# ئێدیت سۆدێرگران

یەکێکە لە شاعیرە هەرە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەدەبی سوێدی. مۆدێرنسمی زمانی سوێدی لەم پێشڕەوەدا سەرچاوەی هەڵگرتووە. بەزمانی فینلەندیش شیعری نووسیوە و ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە گەشەکردنیدا. ئێدیت دەیتوانی بەڕووسی، فرانسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و ئیتالیش بنووسێ. هیچ شاعیرێکی سوێدی وەکو ئەو هێندە زۆر باسی جیهانی خۆی نەکردووە. هەر هەموو شیعرەکانی لەبارەی ئەزموونی ژیانی تەنیایی و ناخۆشیی خۆیەتی، بەشێوەیەک کە وتوویەتی: من شیعر نانووسم، بگرە خۆم دروست دەکەم.

«شیعر» یەکەم دیوانی ئێدیت سۆدێرگران بوو، کە ساڵی ١٩١٦ چاپی کرد، بەڵام کە دوای دوو ساڵان دیوانی «ئەستێرەی سێپتەمبەر» چاپ دەکات، ڕەخنەگرەکان بەگەرمی پێشوازیی لێ ناکەن و ڕەخنەی توندی لێ دەگرن، بەوەی کە ئەمانە شیعری شێتانەن.

لە ڕۆژەکانی کۆتاییی ساڵی ١٩١٨، ئێدیت بەم شێوەیە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی دایەوە: چەند وشەیەکی لە بارەی کتێبەکەمەوە «ئەستێرەی سێپتەمبەر». ئەم کتێبە بۆ خەڵک نییە. بۆ توێژی ڕۆشنبیریش نییە. هەر بۆ ئەو چەند کەسانەن کە لەسەر سنووری دوارۆژدا وەستاون.

ئێدیت شیعری هێندە جوانی نووسیوە، کە تا ئەمڕۆش کاریگەرن لە گەشەی شیعری سوێدی. ئەو یەکەم شاعیر بوو کە لە شێوەی کەتەلۆگی شیعری نووسیوە، مەبەست لەو جۆرە شیعرانەیە، کە هەمان وشە دەبێتە سەرەتای هەموو دێرەکان. بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی بگەین، دەبێ کەمێک



لە سروشتی دەوروبەر و چارەنووسی ژیانی بزانین. ئێدیت لە شاری سانت پێتەرسبۆرگ لە دایک بووە، تەمەنی سێ مانگ بوو، کە ماڵیان گوێزرایەوە بۆ گوندی ڕەیڤۆلەی فینلەندا، کە ئێستا سەر بەڕووسیایە. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا تووشی نەخۆشیی سیل دەبێ، کە ساڵێک پێشتر باوکی بەهەمان نەخۆشی مردبوو. لە خوێندن دادەبڕێت و لە نەخۆشخانە دەکەوێت. چاک نابێتەوە. بەشێکی زۆری سی و یەک ساڵی ژیانی بەتەنیا و بەخەم و پەژارەوە لەگەڵ سەگ و پشیلەکەیدا دەگوزەرێنێت. ئەو هەژاری و دەردەسەرییەی کە جەنگی یەکەمی جیهانی، شۆڕشی ڕووسی و شەڕی براکوژیی فینلەندا لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، لەو دەوروبەرە غەدار و لەو واقیعە ترسناکەدا، ئێدیت شیعری هێندە جوانی نووسیوە، کە لەوانەیە جوانترین شیعری ئەدەبی سوێدی بن. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣ گەورەترین شاعیری نوێخوازی سوێدی، لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا بەئازاری ئەو نەخۆشییەوە سەردەنێتەوە، کە هەر لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە تووشی بووبوو.

## لە تاریکیدا

ئەڤینم نەدۆزیەوە. دیداری کەس نەبووم
لە شەوانی پایزدا، بە لەرزە لەرز
بەلای گۆڕی زەردەشتدا ڕەت بووم:
ئیتر کێ لەسەر زەوی گوێم لێ دەگرێت؟
ئەوسا باسکێک بەنەرمی خۆی لە کەمەرم ئالآند –
خوشکێکم دۆزیەوە...
پڕدەدەمە قژە لوولە زێڕینییەکەی –
ئەمە تۆی مەحالّی؟
ئەمە تۆی؟
بەگومانەوە دەڕوانمە ڕوخساری
ئاوا خواکان یاریمان لەگەڵدا دەکەن؟



## دۆزەخ

ئای کە دۆزەخ چەند خۆشە!
لە دۆزەخدا کەس باسی مردن ناکات.
دۆزەخ بەدەرروونی زەوی شوورە دراوە و
بەگولی داغیش ڕازاندراوەتەوە...
لە دۆزەخدا کەس وشەیەکی پووچ نالّێت...
لە دۆزەخدا کەس نەیخواردووەتەوە و کەسیش نەنوستووە
کەس پشوو نادا و کەسیش بێ جوولە دانانیشێت.
لە دۆزەخدا کەس ناپەیڤێ، بەلّام هەموو هاوار دەکەن،
لەوێ ئەشک فرمێسک نییە و هەموو خەمەکانیش بێ هێزن.
لە دۆزەخدا کەس ماندوو نابێ و کەسیش نەخۆش ناکەوێ
دۆزەخ بێ گۆڕان و ئەبەدییە.

## درەختێکم بینی

درەختێکم بینی لە هەموو درەختەکان گەورەتر بوو
گەلێک مازووی بڵندیشی پێدا شۆڕ بووبووەوە.
کڵێسەیەکی گەورەی دەرگا واڵام بینی
هەموو ئەوانەی هاتنە دەرەوەش ڕەنگ پەڕیو و بەهێز بوون.
لە ئاویلکەشدا بوون.
ژنێکم بینی، ماکیاژکراو بەزەردەخەنەوە
بۆ بەختی خۆی نەردی هەڵدەدا و
بینیم کە دۆڕاندی.
بازنەیەک لە چواردەوری ئەم هەموو شتانەدا کێشراوە
کەس ناتوانێت دەستکاری بکات و لێی دەربچێت.



## خۆشەویستی

ڕۆحم کراسێکی شین بوو، شینی ئاسمانی
لە سەر کەپکە شاخێکی ڕۆخ دەریا بەجێم هێشت
بەڕووتی هاتمە لات، لە ژن دەچووم و
وەکو ژنیش لە سەر مێزەکەت دانیشتم
جامێک شەرابم خواردەوە و بۆنی چەند گوڵێکم کرد
هەستت کرد جوانم و لە شتێک دەچووم کە لە خەوندا بینیبووت.
هەموو شتێکم لەبیر کرد. منداڵی و نیشتمانی خۆمم فەرامۆش کرد
تەنێ دەمزانی دەست بەسەرهێنانمت بەندی کردم.
بەزەردەخەنەوە ئاوێنەیەکت هەڵگرت و داوات لێ کردم سەیری خۆم بکەم.
بینیم کە هەردوو شانم خۆڵەمێش بوون و وردوخاش بوون.
بینیم جوانیم نەخۆش بوو و ئارەزووی ونبوونی هەبوو
ئای! هێندە توند لە باوەشدا بمگوشە، کە پێویستیم بەهیچ نەبێت.

## خوشکی ژیان

ژیان زێتر لە مردنی خوشکی دەچێت
مردن بەشێوەیەکی تر نییە.
دەتوانی دەستی بەسەردا بهێنی، دەستی بگریت و قژی ڕێک بخەیت
ئەو گوڵێکت دەداتێ و زەردەخەنەی دێ.
دەتوانیت ڕوخسارت لە سینەی ئەو هەڵبکەنیت و
گوێت لێی بێ بڵێ: کاتێ ڕۆیشتنە.
ئەو پێت ناڵێت کە ئەو یەکێکی ترە
مردن ڕەنگ سەوزی کاڵ ڕوو لە زەوی
یا لەسەر پشت، لە ناو دارتەرمێکی سپی ڕانەکشاوە
مردن بەڕوومەتی پەمبەیی دێت و دەچێت و
قسە لەگەڵ هەمووان‌دا دەکات.
مردن کوڵمی نوورانییە و ڕوخساریشی باریکە
دەستی نەرمی دەخاتە سەر دڵت.
ئەوەی لەسەر دڵی، هەستی بەم دەستە نەرمە کردبێت،
خۆر گەرمی ناکاتەوە،
وەکو شەختە ساردە و کەسی خۆش ناوێت.



## هیچ شتێک

ئارام بە ڕۆڵە هیچ نییە،
ئەوەی دەشیبینیت: دارستانە، دووکەڵ و کۆچی ئەستێرانە.
لە شوێنێکی وڵاتێکی زۆر دووردا
ئاسمانێکی شینتر و شوورەیەکی گوڵ هەیە
یان دارخورمایەک و بایەکی گەرمتر هەیە و
ئەمەش هەموو شتێکە.
لە بەفری سەر لکی درەختان بەولاوە شتێکی تر نییە
هیچ شتێک نییە بەلێوی گەرم ماچ بکرێت و
زەمەنیش هەموو لێوەکان سارد دەکات.
بەڵام ڕۆڵە تۆ دەڵێیت دڵت بەهێزە؟
ژیان بێ ئامانج، بێ مانا، لە مردنیش کەمترە
چیت لە مەرگ دەوێ؟ ڕکت لە جلوبەرگی باریکی دەبێتەوە
هیچ شتێک لە خۆکوشتن بێ لەزەتتر نییە.
دەبێ کاتە درێژەکانی ژیانمان لە نەخۆشیدا و
ساڵە تەنگەبەرەکانی نیگەرانیمان خۆش بووێ
هەروەکو ئەو ساتە کورتەی کە بیابان دەبزووێ

## پاییز

ئەم درەختە ڕووتانە لە دەوری ماڵەکەی تۆن و
بێ کۆتاییی با و ئاسمان دەکەن بەژووردا
ئەم درەختە ڕووتانە دەچنە سەر کەنار و
لە ئاودا خۆ دەبینن.
هەتا ئێستاش منداڵێک لە ناو دووکەڵی بۆری پاییزدا یاری دەکا.
کچێک گوڵ لە دەست دەڕوا و
لە قووڵاییی ئاسمانیشدا
باڵندەی ڕەنگ زیوینی، بڵند دەفڕێ.



## مۆمێک لە پەنجەرەیە

مۆمێک لە پەنجەرەیە
کە لەسەرخۆ دەسووتێ و
دەڵێ لە ژوورەوە یەکێک مردووە.
چەند درەختێک بێدەنگ
لە هەردوو لای ڕێچکەیەکن
کە لە گۆڕستانێکی تەماویدا کۆتاییی دێ
باڵندەیەک دەجریوێنێ –
– کێ لە ژوورەوەیە؟

## سێ خوشک

خوشکی یەکەم حەزی لە تووە فەڕەنگییە شیرینەکان دەکرد.
خوشکی دووەم حەزی لە گوڵی سوور دەکرد.
خوشکی سێیەم حەزی لە تاجە گوڵینەی مردووان دەکرد.
خوشکی یەکەم شوی کرد.
دەڵێن ئاسوودەیە.
خوشکی دووەم پڕ بەڕۆحی ئەڤینداریدا کرد.
دەڵێن – ئاسوودە نەبوو.
خوشکی سێیەم بوو بەوەلی
دەڵێن تاجی ژینی ئەبەدی دەباتەوە.



## لە دارستانە گەورەکاندا

دەمێکی زۆر لە دارستانە گەورەکاندا ونبووم
بەدوای چیرۆکەکاندا گەڕام، منداڵیم گوێی لێیان بوو.
دەمێکی زۆر لە چیا بڵندەکاندا ونبووم،
بەدوای کۆشکی خەیاڵمدا گەڕام، هەرزەکاریم دروستی کرد.
لە باخچە خۆشەویستەکەمدا ون نەبووم.
لەوێ کوکوختییە بەختیارەکە هەڵنیشتبوو، ئارەزووم بەدوایدا بوو.

## وشە

وشەی گەرم، وشەی جوان، وشەی سەنگین...
وەک بۆنی گوڵن بەشەو
مرۆڤ نایانبینێ.
لە پشتیاندا ئەم گەردوونە بۆشە خۆی مەڵاس داوە...
ڕەنگە دووکەڵی پێچ خواردووی
ئاگردانی ئەڤینداری بن؟



## گۆرانییەکەی سەر چیا

خۆر لە سەر کەفی دەریا ئاوابوو، کەنار نووست و
لە سەر چیاکانیش یەکێک وەستابوو و گۆرانیی دەچڕی...
دەمێ وشەکان کەوتنە ناو ئاو و مردبوون...
گۆرانییەکەش لەودیوی سنەوبەرەکان ونبوون و
ئێوارەکە لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی کرد.
کە هەموو شتێک بێدەنگ بوو، تەنێ بیرم بۆ ئەوە چوو
کە لەوێ، لە سەر ئەم شاخە وەک تارمایی دیارەدا، خوێنی دڵ ڕژاوە.
وامزانی گۆرانییەکە لە بارەی شتێکەوە بوو، کە هەرگیز ناگەڕێتەوە.

## ئەستێرەکان

کە شەو دادێ
لەسەر پەیژە دەوەستم و گوێ هەڵدەخەم
ئەستێران لە باخچەدا دەخولێنەوە و
منیش لە تاریکیدا وەستاوم.
گوێ ڕادێرە ئەستێرەیەک بەئاوازەوە ڕژا
بەپێی پەتی مەڕۆ ناو گیا
باخچەکەم پڕە لە وردە شووشە.



## باڵندەیەکی بەند

باڵندەیەک لە کۆشکێکی سپیی سەر دەریایەکی شینێکی تۆخ
لە قەفەزێکی زێڕیندا بەندبوو.
گوڵە بۆنخۆشەکان بەڵێنی لەزەت و بەختیارییان دا.
باڵندەکەش لە بارەی گوندێکی بچووکی سەر بەرزاییی چیاکان
گۆرانیی چڕی.
لەوێ خۆر شایە و بێدەنگیش شاژن.
لەوێ گوڵە خۆڕسکە بچووکەکان بەشنە شن
گەواهیی ژیان دەدەن، خۆگرن و دەژین.

## گۆرانییەکەی لە بارەی سێ گۆڕەکە

ژنەکە، لە زەردەی ئێوارەدا، لەم باخچە تەڕ بەئاونگەدا
گۆرانیی دەچڕی
لە هاویندا سێ بنچکە گوڵ لە سەر سێ گۆڕدا دەڕوێن.
لە یەکەم گۆڕدا پیاوێکی تیایە -
گران نوستووە...
لە دووەمیاندا ئافرەتێکی ڕوخسار غەمگین هەیە -
گوڵێکی بەدەستەوەیە.
سێیەمیشیان، گۆڕی ڕۆحێکی غەمگینە
هەموو ئێوارەیەک فریشتەیەکی رەش دانیشتووە و گۆرانی دەچڕێ:
ناڕەوایە چاودێری نەکرێ.



## خوشکەکانمان بەجلوبەرگی ڕەنگینەوە دەڕۆن...

خوشکەکانمان بەجلوبەرگی ڕەنگینەوە دەڕۆن
خوشکەکانمان لە سەر ئاو دەوەستن و گۆرانی دەچڕن،
خوشکەکانمان لە سەر بەرد دادەنیشن و چاوەڕوان دەبن،
زەمبیلەکانیان ئاو و بایان تێدایە و
بەگوڵ ناوی دەبەن.
بەڵام من باوەش بەخاچێکدا دەکەم و دەگریم
سەردەمێک وەک گەڵایەکی سەوزی کاڵ، نەرم بووم و
لە بەرزاییی هەوا شینەکەدا هەڵواسرابووم.
ئەوسا لە ڕۆحدا دوو تیر یەکتریان بڕی،
سەرکەوتوویەک بۆ لێوی خۆم بردم،
لاساری ئەو هێند میهرەبان بوو نەژاکام
ئەستێرەیەکی پرشەنگداری بەنێوچەوانمەوە نووساند و
لە دوورگەیەک بەئەشک و لەرزینەوە جێی هێڵام
کە ناوی زستانە.

## ڕازی بەهار

خوشکم
تۆ وەک بایەکی بەهار بەسەر دۆڵەکانمان دەکشێی...
وەنەوشەکانی بەر سێبەر بۆنی خۆشیان لێ دێ.
دەمەوێ بتبەمە دڵگیرترین پەسێوی دارستان
لەوێ بۆ یەکدی باس بکەین چۆن خوامان بینی.



## بەهاری باکوری

هەموو خەون و خەیاڵم وەکو بەفر توانەوە،
هەموو خەونەکانم وەکو ئاو ڕژان.
لە هەموو ئەوانەی کە خۆشم دەویستن
تەنیا ئاسمانێکی شین و چەند ئەستێرەیەکی ڕەنگ پەڕیوم ماوە.
بایەکە لەسەرخۆ لەنێو درەختەکاندا ڕەت دەبێ.
بۆشایی پشوو دەدا، ئاوەکە مەندە
ئەم دارە پیرە بێدارە و بیر لەم هەورە سپییە دەکاتەوە،
کە لە خەوندا ڕامووسانی کرد.

## خۆزگەیەک

لە هەموو دنیای ڕووناکماندا
تەنێ ئارەزووی کورسییەکی ناو باخچەم
تێیدا پشیلەیەک خۆی بداتە بەر خۆر...
لەوێ دابنیشم و
نامەیەک لە باوەشم بێت
یەک نامەی کورت
ئاوایە خەونی من.



## گوڵ

جیهان هی منە
بۆ هەر کوێ بڕۆم
بۆ هەموو کەسێک گوڵ هەڵدەدەم.
هونەرمەند هەموو گوێیەکی مەڕمەڕی خۆش دەوێ
کە لە وشەکانی دەگەن.
بەمن چی خەم و دەردەسەری؟
بەقرچەیەک هەموو بەیەکەوە ڕمان.
من گۆرانی دەچڕم.
ئەوسا سروودی مەزنی خەم
لە دەروونێکی بەختیاردا دەردێ.

## گوڵە دەستکردەکانم

گوڵە دەستکردەکانمت
بۆ دەنێرمە ماڵەوە.
شێرە برۆنزە بچکۆڵەکانمت
بۆ لە بەردەرگا ڕیز دەکەم.
خۆشم لە سەر پلیکانە دادەنیشم –
مرواربییەکی ونبووی ڕۆژهەڵاتیم
لە هاژوهۆژی شاری گەورەدا.



## ئێوارە

من نامەوێ گوێم لەو چیرۆکە خەمگینە بێ
دارستان دەیگێڕێتەوە.
هەتا ئێستاش لەنێو داران چرپە چرپ دێ.
هەتا ئێستاش گەڵاکان هەناسەی سارد هەڵدەکێشن،
هەتا ئێستاش سێبەر لە نێوانی قەدە خەمگینەکاندا دەخزێ.
وەرە سەر ڕێگا، کەسمان تووش نایێ.
ئێوارەکە بەسوورییەکی کاڵەوە لە لاڕێی کشوماتدا خەون دەبینێ.
ڕێگاکە لەسەرخۆ درێژ دەبێتەوە و وردە وردە بەرز دەبێتەوە،
کاتێکی زۆریش چاو بۆ تیشکی خۆر دەگێڕێ.

## ئەم باخچە گەورەیە

هەموومان گەڕیدەی بێ ماڵ و
خوشک و براین.
بەهەگبە و جلوبەرگی دڕاوەوە، بەڕووتی دەڕۆین.
بەڵام لە چاو ئێمەدا، میرەکان چیان هەیە؟
زەنگینەمان لە هەواوە بۆ دێ
کە بەگرانی زێڕ ناپێورێ.
هەتا پیرتریش ببین
زێتر دەزانین کە خوشک و براین.
هیچ شتێکی تر نییە لە خەڵقبوونماندا بمانەوێ
ئەوە نەبێ کە ڕۆحی خۆمانی بدەینێ.
ئەگەر باخچەیەکی گەورەم هەبوایە
هەموو خوشک و براکانم داوەتی ئەوێ دەکردن.
هەریەکەی زەنگینەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابا،
ئەوسا ئێمەی بێ وڵات دەمانتوانی ببین بەنەتەوەیەک.
پەرژینێکمان لە دەوری باخچەکەماندا دروست دەکرد
تا دەنگی جیهانمان نەگاتێ.
لە باخچە بێدەنگەکەماندا
ژیانێکی نوێمان دەدایە جیهان.



## ڕۆژە نەخۆشەکان

دڵم تەنگە و لە خەرەندەیێکی باریکدا هەڵگیراوە.
دڵم زۆر دوورە
لە دوورگەیەکی دوورەپەرێزە.
باڵندەی سپی دەفڕنە ئەوێ و دێنەوە و
پەیامی ئەوەم دەدەنێ کە دڵم دەژی.
دەزانم – چۆن دەژی
بەلم و ڕەژوو
لەسەر تاشەبەردی تیژدا دەژی.
بەدرێژاییی ڕۆژ پاڵ کەوتووم و چاوەڕێی شەوم،
بەدرێژاییی شەو پاڵ کەوتووم و چاوەڕێی ڕۆژم،
لە باخچەی بەهەشتدا نەخۆشم
دەزانم چاک نابمەوە،
نیگەرانی و خەمۆکی قەت چاک نابن
من وەکو بنچکی سەر قەوزە تام گرتووە
وەکو گەڵایەکی لینج ئارەقەی شیرین دەکەم.
لە بن باخچەکەمدا گۆمێکی خەواڵو هەیە.
من کە زەویم خۆش دەوێ،
ئاو نەبێ، هیچ شتێکی تر بەباش نازانم
هەموو خەون و خەیاڵەکانم کەوتنە ناو ئاو
کەس نەیانیبینی
ناوێرم ئەو خەیاڵانەم نیشانی کەس بدەم
ئاوەکە پڕە لە نهێنیی.

## ڕەش یان سپی

ڕووبارەکان بەبن پردەکاندا گوزەر دەکەن
گوڵەکان لە دەم ڕێگاکاندا دەگەشێنەوە
دارستانەکان بەوژەوژ بەسەر زەویدا دەنووشتێنەوە.
لەو دەمەیدا ژنێکی سپیپۆشم
لە سەر باسکی ئازیزمدا بینیوە
ئیتر بۆ من بڵند و نەوی،
ڕەش یان سپی نییە.



## کازێوەی زوو

چەند ئەستێرەیەک کز دەدرەوشێنەوە،
لە پەنجەرەوە دەیانبینم. ئاسمان بێ ڕەنگە
بەئاستەم هەست دەکرێ کە لە دوورەوە ڕۆژێکی نوێیە.
بێدەنگییەک باڵی بەسەر گۆمەکەدا کێشاوە
چرپە چرپێک خۆی لە ناو داران مەڵاس داوە
باخچە پیرەکەم هەر بەسەرپێیی
گوێ لە هەناسەی شەو دەگرێ، کە بەسەر ڕێگاوە گڤەی دێ.

## خەونی نیگەران

لە شادی دوور، لە دوورگەیەکی ناو زەریادا نوستووم
تەم دێ و دەڕوا و با هەڵدەکا،
خەونی ناخۆش بەشەڕ و ئاهەنگی گەورەوە دەبینم
خەون دەبینم کە خۆشەویستەکەم لە سەر کەشتییەک وەستاوە و دەبینێ
چۆن پەڕەسێلکەکان دەفڕن و هەست بەتاسە ناکەن!
شتێکی گران لە دەروونی ئەودایە، کە ناتوانێ بجوولێ
دەبینێ کەشتییەکە بەرەو دواڕۆژە نەخوازراوەکە بکشێ
بنی تیژی کەشتییەکە چارەنووسە نەویستووەکە لەت دەکا
باڵ هەڵی دەگرنە ئەو وڵاتەی تێیدا هەرچی بکا بێ سوودە
لە وڵاتی ڕۆژە بۆش و بێ ماناکانی لە چارەنووس دوور.



## باوەڕ بەخوشکم دەکەم

بەناو بیاباندا دەڕۆم و
بەتەنیا لە چیا،
لە سەر بەردی شەیتان دادەنیشم.
هەزار ساڵە
خەم لەوێ چاوەڕوانە.
خوشکێکم هەیە
ڕووبارەکان کراسی ئاوریشمیان چنی.
مانگ ئاونگی بەسینەی داکرد
جوان بوو – خوداکان ئاشقت بن.
ئەی خوشکم...
ئەدی هەزاران ساڵ چیرۆکی بێ کۆتایی
بۆ یەکدی نەگێڕینەوە،
تا جارێک سەحەر دادێت –
سەحەری نوێمان.
خوشکم...
خیانەتی لێ کردم؟
ئەم پێ سووکە – خەنجەر لە بن باخەڵیەتی؟
چاوی بەخەندە – وەڵامم بدەوە.
نا، نا، هەزار جار نا! باوەڕ ناکەم
فریشتەکان بەپەڕەمووچێکی جوان
ئەمەیان لە سەر گەڵای زەمەن نووسی بێ...
لاوازیی مرۆڤ یەخەی گرتووین؟

لە دنیادا خوشکم نەبێ، باوەڕم بەکەسی دی نییە...
ئەوەی ئەو دەیڵێ ڕاستە،
با چیتر جیهان بەیەکەوە نەبێ،
خوشکی من قەت درۆ ناکات.



## پاکیزەی شەوان

کە هەورە ڕەشەکان بەئاسماندا کشان
دایکێک بێدار و منداڵێک نوستبوو.
لە بێدەنگی شەویشدا، ئاوازێک
دنیای پڕ کرد.
دایکە لاوەکەش لە قووڵاییی ناخیدا وەکو سەدایەک
گوێی لە ئاوازی بێدەنگی شەو بوو
ئای، جیهان چەند بەهەموو لایەکدا کشا
کە بچکۆڵەکە نوستبوو.

## پایزان

وا پایزه و باڵنده زێڕینییەکان
بۆ ماڵەکانیان، بەسەر ئاوی شینی تۆخدا دەفڕن
لە سەر کەنار دانیشتووم و دەڕوانمە ڕەونەقە کزەکە
ماڵئاواییش بەناو لکەکاندا گڤەی دێ
ماڵئاواییەکە گەورەیە، جودابوونەوەش ڕوودودا
بەڵام یەکدی بینینەوە هەیە.
بۆیە خەو خۆش دەبێ، وەختێ سەر لەسەر قۆڵ لێی دەنووم.
لە سەر چاوم هەست بەهەناسە و
لە سەر دڵیشمدا هەست بەدەمی دایکێک دەکەم:
بنوو ڕۆڵە با خەو بتباتەوە، چونکە خۆرئاوابووە.



## گوڵ

من جوانم، چونکە لە باخچە خۆشەویستەکەم گەورە بووم.
لە بەربارانی بەهاران وەستام و غەریبیم خواردەوە،
لە بەرخۆر وەستام و گەرمایيم خواردەوە –
ئێستا باوەشم کراوەیە و چاوەڕوانم.



گوننار ئێکێلۆف
١٩٠٧ - ١٩٦٨

## گوننار ئێکێلۆف

سەرەتای ساڵانی سەدەی ڕابردوو، لە ستۆکهۆلم، کچێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵان و پیاوێکی تەمەن چل ساڵ، دەبنە ژن و مێرد. ژنەکە لە خێزانێکی بەچەند پشتان دەوڵەمەند و پیاوەکەش لە خێزانێکی هەژارەوە هاتبوو. پیاوەکە بۆرسەزانێکی وریا بوو، پارەیەکی زۆری قازانج کردبوو. لەنێو چینی بۆرژوا و دەوڵەمەندەکاندا ڕێزی لێ دەگیرا و وەک هاوچینی خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرد. ئەم ژن و مێردە لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٠٧ کوڕێکیان بوو و ناویان نا گوننار.

لە سەرەتای ژیانی منداڵی «گوننار»دا، دایک و باوکی ناکۆک بوون. لە نێوانیاندا تەنێ جیاوازییەکی زۆر لە تەمەن و ڕەچەڵەکیان نەبوو، بگرە لە شێوەی ژیان و باوەڕی ئاینیشیاندا هەبوو. باوکی ئینجیل خوێن بوو، مەیخۆر نەبوو، حەزی لە کارەکەی دەکرد و کوڕەکەی زۆر خۆش دەویست. دایکیشی ژنێکی جوان و چاولەدەر و شەوبێر بوو. تەمەنی گوننار هەشت ساڵ بوو کە باوکی مرد.

گوننار لای دایکی مایەوە و خرایە بەر خوێندن. لە هەرەتی لاویدا کە قوتابیی ئامادەیی بوو، زۆر حەزی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ناوین و موزیکی هیندی دەکرد. شیعرەکانی ئیبنولعارەبیی زۆر بەدڵ بوون، بەتایبەتی «تەرجوومان ئەشواق»ی وی.

ساڵی ١٩٢٥ بۆ یەکەم جار سەفەری پاریس دەکات. ئەو کات هێندە لەمێژ نەبوو، ئەندرێ بریتۆن مانیفێستی سوریالییەکانی بڵاو کردبووەوە. ئەو دەم پاریس مەڵبەندی چالاکی و بزووتنەوەی کولتووری بوو. لە هەموو



دنیاوە نووسەر و هونەرمەند ڕوویان لێی کردبوو.

لە سەرەتای ساڵانی سیدا، بەرهەمێکی زۆری سوریالییە فرانسییەکانی وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی و لە کۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە. لە ناوەڕاستی سییەکاندا باوەڕی بەم بزووتنەوەیە نامێنێ.

سەرەتای ساڵی ١٩٥٦ زانکۆی ئوپسالا، بۆ ڕێزلێنان لە کار و بەرهەمەکانی و کاریگەری ئەو لە ئەدەبی سوێدیدا، «دکتۆرای ڕێزلێنان»ی دەداتێ. لە هەمان ماوەدا بوو کە «ئەکادیمیای سوێدی»ش کردی بەئەندامی خۆی و کورسی ژمارە هەژدەی پێ ڕەوا بینی. لە ماوەی ئەو دە ساڵەی کە ئەندامی ئەکادیمیا بوو، هەر دژی ئەوە بوو کە نیرۆدا و شۆلۆخۆف خەڵاتی «نوبێل»یان بدرێتێ. گوننار دەیگوت: شۆلۆخۆف هاوکاری ستالین بووە و نیرۆداش دەستی لە کوشتنی ترۆتسکیدا هەبووە.

لە کۆتاییی ساڵانی ژیانیدا گەورەترین سرووشی شیعری بۆ هاتووە. لەو ماوەیەدا سێ قەسیدەی ڕۆژهەڵاتی نووسیوە، کە لە ئەدەبی سوێدیدا بەشیعری بێزەنتینی و ڕۆژهەڵاتی ناسراون.

ڕەخنەگرەکان گوننار ئێکێلۆفیان بەڕووی هاودەمی شیعری سوێدی ناو دەبرد، یەکێک لەوان نووسیویەتی: هەر جارێک لە ئێکێلۆف دیوانێکی نوێ چاپ دەکات، شیعری سوێدی ڕەوتی خۆی دەگۆڕێ.

لە ١٦ی ئاداری ١٩٦٨دا بەدەم ئازارەوە دڵی گوننار ئێکێلۆف، کە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی ڕابردووی سوێد، دڵی لە لێدان کەوت.

## لە ناو گوڵە ئاوییاندا

پێشەکییەکم بۆ ئەوە نووسی کە چیم وتبا
بەڵام سڕیمەوە - حەز دەکەم
بەرلەوەی تاریکیم بەسەردابێ
دوا شتم کە لێ دەبیندرێت
دەستێکی قووچاوی ناو گوڵە ئاوییان بێت و
دواشتیش کە دەبیسترێت، وشەیەکی بڵقاوی بنەوە بێت.



## مەبزووێ

مەبزووێ، بێدەنگ و چاوەڕوان بە
تەواو خۆت لاڵ و بێ جوولە بکە
ئەمە مەرجە بۆ ئەم کاتژمێرە بەچرکەیە
بۆ ئەم چرا کارەباییییە مردووەی کە هیچ ناڵێ،
ئەوە نەبێ کە شەوە.
بۆ ئەو دڵۆپەیەی کە لە شوێنێکی
ئەم ژوورە چۆلە دوورەدا،
زۆر دوورەدا دەکەوێ.
ئاوا دانیشە و چاوەڕوانی کەسێک بکە
کەسێکی هەبوو، یان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەسێک
لەم جیهانە وێرانبووەدا.

## گەڕیدە

سەعاتەکەی دانراوەتەوە
هەگبەکەی ئامادەیە
چاکەتەکەی بەکورسییەکەدا هەڵواسراوە:
بلیتیش لە جزدانەکەیەتی
تریفەی مانگ لە پەنجەرەوە دێتە ژوورەوە
تەماشاکە چۆن ڕوخساری نوستووەکە دەگۆڕێ
ئەم ژوورە کە هەتا هەتایە جێی دێڵێ.



**بێ گومان** – کەنارێکی سێبەرە بۆی هاتووم. بەڵام جوانە. چۆن درەختی وا بڵند لێرە دەڕوێ. دەبێ بەتەواوی کەوتبێتە پەناوە، دەنا هێندە نزیکی دەریا هەموو شتێک پەڕپتێن دەبێت.

لە دوورەوە هێڵێکی سپی دیارە – ئەمە کەنارێکی لم و کۆمەڵێک خانووە. لەوێ ئێستاش خۆر هەر تیشک دەدا. دەبێ کەنارێکی پان و درێژ بێ. نەمدەزانی «نەکسۆس» وایە. وامدەزانی دەشتەکەی شاخاوی و ڕووتە و دەریاش پڕە لە گاشەبەردی تیژ. سبەی دەیبینم، چونکە ئێستا تاریکە، ئاگرێکیان کردووەتەوە و لە پشت ئاگرەکەشدا بەپێستە و پەتوو پەرژینێکیان ڕووی با کردووە. نان لەگەڵ شوانانددا بەش دەکەم. لێرەوە بۆنی نان دەکەم، پاشان دەشزانم پێویست ناکات خۆشم سەخڵەت بکەم.

هەژارەکان میوانداریيان بەلاوە پیرۆزە. ڕەنگە لەگەڵیاندا بشپەیڤم، وشەی ساکار و بەجێ. با بزانم سبەی چۆن خۆم دەگەیێنمە ئەوێ. لەوێ، کەوا ئێستا خۆر لە سەر کەنارەکان دەکوژێتەوە. شەو ڕاشکانی خۆڵەمێشی، چونکە ئێستا هاژەی شەپۆڵ بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا زاڵە، وا هەست دەکرێ کە دەنگیش خۆڵەمێشی بووبێت و هەنووکەش ڕەش دەبێ. بەڵام ئەم لە بەردەوامی خۆیدا دەژی، بەردەوامییە زیندووی دەکا.

## شەپۆلدان

شینی حەز و ئارەزووەکانم، شینی حەز و ئارەزووەکانی ئاسمان و دەریا
ژیاری مرۆڤان سەختە بۆ من. من لە ناو قەوزە و لەگەڵ سەدەف
ئاسوودەم
کەنارەکانم ملوانکەی دەریان و دەریاش بەئارامی هەناسە دەدا و
لە ناو هەورەکاندا پارچە مۆسیقایەکی ڕەنگین دەژەنێ و
خۆریش وەکو سۆنەیەکی ڕووناکی دەمرێ.
ڕەنگە یەکێک باڵندەم بداتێ، لە ناو شەپۆڵی سووری خۆردا پێی بفڕم،
کە تێیدا ئەستێرەی فسفۆریم دەلەرزێ.
گەر چاوەڕوان بم، ڕەنگە یەکێک حەز و ئارەزووەکانم بکاتە مووشەک و
لە تەنیشت هەورێکی دوور بیانتەقێنێتەوە
ئەوسا ئەستێرەی شین، بەنەرمی دەبارنە ناو ئەم ئێوارە سوورەوە...
شینی ئەستێرەکانی حەز و ئارەزووم، ژیاری مرۆڤان سەختە بۆ من.



## نامە سوێدییەکان

لە تاران، لە مەیداندا
١٠٠١ کۆیلە مێری دەرپێ چەرم
١٠٠١ کۆیلە ژن، ڕووت لە درزی عەباوە
کەم کەم لەشیان
بەکڕیارەکان نیشان دەدا
وەک بزانم ئەمانە لە هەموو ڕەگەزێکیش بوون:
گرێکی، کورد و ژنە ئەسیوبی
جوولەکە و سووریایی.
ئەوانەی دەیانفرۆشتن
ژن و پیاویان بەجیا
لە سەر سەکۆیەک نیشان دەدا و
وەک چۆن لە بازاڕەکاندا باوە
نرخیان دادەندرا
پیاوەکان وەک جەستە و لەشی بەهێز
ژنەکانیش وەک ڕۆح و گۆرانیبێژ.
لە شیرازیش ١٠٠١ بازرگانم بینی
کە قاوە و بەرداخێک ئاو لە بەردەمدا ڕۆنیشتبوون و مامەڵەیان دەکرد و
جارجارەش دەچوون دەستیان لە بازووی زنجییەک دەدا
پێڵووی چاوی ئەسیووبییەکیان هەڵدەهێنا
یان دەچوونە بازاڕی ژنە کۆیلەکان و
بەدایەن، یان بەدایکیان دەوت، بەدیقەت تەماشای مەمکیان بکەن
چونکە کچێنی شتێکە بۆ کڕین دەست دەدا

ئەم ١٠٠١ بازرگانە نرخیان لەسەر یەكتری كەم و زیاد دەكرد
ئەو بازرگانە پێیدا هەڵدەگوترا، بەختەوەر لە مامەڵەدا
لەناو ئەم هەموو كۆیلانەدا
ئەو دوو ڕۆحە بدۆزێتەوە
كە بۆ یەكتری بگونجێن و
نەوەیان لێ بێتەوە.



## تەنیا، تەنیا

تەنیا ، تەنیا ، تۆ بەخۆت دەڵێیت تەنیا ،
بەڵام میری ئێمگیون(*) دەڵێ:
سەرەتا شەهرەزاد و حیكایەتەكانیم
خۆش ویست
پاشان خوشكی بچووكی دینار سەعد
پاشان خوڵامە كچەكەی ئەو
پاشان نوبییەكی(**) دۆستی خوڵامەكە
پاشان بۆیاغچیی پێڵاوی دۆستی ئەو
كە لەوێش لە سەر ئەژنۆ كەوتبووم و
ڕەشاییی پێڵاوی سەر پەنجەی ئەوم دەلێسییەوە
تۆزەكەیم خۆش ویست و
هێندە قوولێش هەڵمژییە نێو سییەكانمەوە
هەموو شتێك لە بەرچاومدا ڕەش بوو.

................................................

(*) میری ئێمگیون: میرێكی كورد بووە. خەڵكی ناوچەی وان بوو. لە سەردەمی بێزەنتینییەكان چەند ساڵێك لە قوستەنتینییە بەند دەبێ، دوای ئەوەی هەردوو چاوی كوێر دەكەن، ئازادی دەكەن.

(** ) نوبییەر: نەتەوەیەكی ئەفریقایی بوون، لە نێوانی میسر و سودان دەژیان. لە ساڵانی پێنج سەدە لە سەر ڕووباری نیل میرنشینییان هەبووە. زۆر لە نوبییەكان كران بەكۆیلە و هێندران بۆ میسر، بۆ پاسەوانیی هەرەمەكان.

## لە کتێبی خۆکوشتنەوە

بێ جووڵە بە، چیتر وشەی ڕق مەڵێ. هێندە زۆرم لێ نەماوەتەوە
بۆم مەگری. لێرە ئیتر هیچ ئاگرێک نییە بکوژێندرێتەوە.
مەمڕوانێ، پەککەوتەم، هەر بزانە بەسەر خۆمدا ڕمام
نامەوێ بمبینیت بەسەر خۆمدا برمێم.
هیچ هەستێکم بۆ خۆم، بۆ گرانیم نەماوە
دەخلیسکێم، خوول دەکەم، لێرە هێزی ڕاکێشانی زەوی و ئاسمان کۆتاییبیان دێ.
ئیتر هیچ هەستێکم نەماوە لەوەی کە چیم و چی نیم.
سەیری چوار دەورم دەکەم: ئەوە منم، یان ئەمەیان؟
بۆم مەگری. ئیتر لێرە هیچ ئاگرێک نییە خامۆش بکرێ.
خۆم دووبارە دەکەمەوە، لێ ئەمە کە لەسەرخۆ دەنووسم،
هەموو شتێکە کە هەمە.
دەتوانم بەرپرسیاری هەمووی بم؟ من تەنێ بەردێکم کە یەکێک فڕێی داوە،
پارچە دارێک کە یەکێک ڕنیوبەتی.
من بێبەری کێ دەکەم. یان هەڵەی کەس نییە، یان هی منە و کەسی تر نا.
ئەوەیان بەدیقەت و لەسەرخۆ دەنووسم: ئەمە هەموو شتێکە کە هەمە،
لەمە باشتر نابێ
بەڵام بەمن چی من خۆشم دەوێی.
تۆ تراویلکەی جوانی منی
ئەو سەردەمەم لە بیرە، ئەوسا تۆ تراویلکەی جوانی من بووی.



تۆ جوانی
دەمویست لەگەڵ تۆ بفرم، وەک ئەوەی کە مرۆڤ دەفڕێ، بەڵێ وەک ئەوەی کە مرۆڤ بۆ یەکجاری دەفڕێ.
بەڵام هەردووکمان نەخۆش بووین و ئێستاش کۆتاییی دێت.
ئەمانە هەمووی بەمن چی؟
خۆشم دەوێی، ئێستا بەسەرخۆمدا دەڕمێم
دەتوانم یارمەتی بدەم؟ خەریکە دەبمە نەبیندراو
ئیشارەتت دەدەمێ، تۆ هەر دەستم دەبینی
دەرگاکە دەکرێتەوە، درەنگەشەوە.
چراکە خامۆش دەبێ، ئەوەی هەمبوو بەخشیم.
شتێکم نەهێشتووەتەوە پێی بژیم، بۆیە تا دێت نەبیندراوتر دەبم
بەڵام نامرم
ماوەتەوە: دەرگایەک، لە چوونە دەرەوەی ژوورێکی خۆم بەولاوە چیتر بکەم!
نامرم، تەنیا ون دەبم
بێ ئارامیم، ڕەنگە بۆ دڵنیایی و نادڵنیایی ڕابمەوە
ئەوسا دێمەوە و بەدوای تۆدا دەگەڕێم.

## پێنج جاران

پێنج جاران ئەستێرەکەم بینی
بەڵام جاری شەشەم مانگ لە هەورەوە دەرکەوت
خۆم لانەدا
منی بڕی
بەڵام من ناوشانم وەرگێڕا و
گێڕامەوە
بۆیە ئەمە دەخوێنێتەوە.



## ئەی مەرگ

تۆ کە بوویتە مانای ژیانم
تۆ کە مانای ژیانمیت
ڕووخسارتم نیشان بدە
بێ ئەوەی وەکو ئەرکیولۆگێک
پێویست بێت گۆڕی خۆم هەڵبدەمەوە.
ڕوخسارتم نیشان بدە و
هی ژنێکیش بێت
کە بەڕوومدا دەخەنێتەوە و
لە باوەشم دەنێ.

**چەند شیعرێکی**

**داستانی فاتیمە**

١

## داستانی فاتیمە

پێنج جاران سێبەرم بینی و
هەر بەدەم ڕێوە سڵاوی کرد
بەڵام جاری شەشەم، لەناکاو، لە کۆڵانێکی
تەنگەبەری خوار شاردا، بەرانبەرم وەستا، ڕێی لێ گرتم و
بەزمانێکی شڕ
زۆر قسەی ناشیرینی پێ وتم و
پاشان پرسی:
بۆ بەهەندت نەگرتم؟
– بۆ باخەڵی سێبەری خۆتت نەکرد؟
– هێندە لە بەرچاوت ئێسک گرانم؟
من وەڵامم دایەوە:
چۆن پیاو باخەڵی سێبەری خۆی پێ دەکرێت؟
نەریت وایە کە تا زەردەی ئێوارە
سێبەر دوو هەنگاو لە دواتەوە بڕوا.
ئەو بەتەوسەوە خەنیەوە و لەچکە ڕەشەکەی
توندتر ئاڵاندە ڕوو.
– ئەدی دوای خۆرئاوابوون؟



– ئەوسا ڕێبوار دوو سێبەری هەیە
یەکێکیان هی ئەو چرایەی بەجێ دەهێڵێت
ئەویتریان هی ئەو چرایەی لێی نزیک دەبێتەوە.
هەمیشە جێگۆڕکێ دەکەن.
ئەو خەنییەوە و دەستی بەدیواری نزیکمەوە نا:
– کەواتە من سێبەری تۆ نیم؟
– گوتم، نازانم تۆ سێبەری کێیت
واموت و ویستم بڕۆم
ئەوسا دەستی هەڵگرت و لە بەرتریفەی مانگەشەودا
جێ ڕەشی دەستی
لە سەر دیوارە سپییەکاندا نیشان دام.
دیسان وتی:
– کەواتە من سێبەری تۆ نیم؟
وتم:
– دەبینم تۆ کێیت.
کەواتە دەبێ تۆ من ببەیت
نەک من تۆ.
– بەتەوسەوە وتی، گیانە
لای تۆ؟ یان لای من؟
وتم:
– لای تۆ.

**٢**

دایە
دەزانم بەکوێت فرۆشتم.
بەو «بابولعالی»یەت فرۆشتم
کە ناوی مەرگە
لە دنیای ئاوێنەکانیدا
بەو لایلایانەی پێت بەخشیم
بەداستان، بەجوانی
بەچاوی مەند، بەشیر
بەباوەشێک، بەبۆنێکی ئارەقەی دایەن،
خۆم وەک منداڵێکی خۆم دەبینم.

**٣**

تۆ کچی ژنێکی گەوادیت
ئەویش کچەزای ژنی گەواد بوو
مێردەکەشت گەوادێکە
نازانم، دە یان چواردە ساڵان بووم
دەستی منت گرتبوو
لە سەر شەقام تووشی پیاوێک بوویت
شتێکی نایە دەستت
دینارێکی زەردیشی بۆ من دەرهێنا
چەپۆکێکم لە دەستی دا و
دینارەکە کەوتە بەرپێی سەگان
ئەوسا خەنجەرەکەی لە کالانی دەرهێنا



لە سەر دڵی چەقاندم
من لێی گەڕام بەکامی دڵی بگات.
پاشان ڕۆیشت، نازانم بۆ کوێ.

**٤**

چاوەکانت شەرابی
دەگەشێنەوە.
چۆن بیانکوژێنمەوە؟
- تەنێ وەکو کاسە بەماچان
یەک لە دوای یەک...
بیانخۆمەوە.
ئەوسا، ئەو شەرابە زەردەیان تێ دەکەی
کە من زۆر حەزم لێیەتی.

**٥**

**دۆست**

نە مانگ و خۆر، نە ئەستێران
ڕووناکیان پێ نەدام
تاریکی بوو پێ یدام
ڕووناکی خۆشەویستی لە جەستەمەوە گوزەر دەکەن.
وەک ئەوەی من کەسێک نەبووبم
فاتیمە، تۆ سێبەرێکت بەخشییە ڕۆحم
کە ڕۆیشتی
چرایەکی زیوینت دامێ.

### ٦

## یواکیم و ئاننا

وا باسی بەیەکگەیشتنی
«یەواکیم و ئانا»ی پیرۆز دەگێڕنەوە.
بەیەکگەیشتنی ئاننە بەئەو وا بیندرا.
لەلای فریشتەی جوداوە، بەهەمان پەیامەوە هاتن و
فریشتەکانیش هێشتا لە گۆشەکانی سەرەوەی
وێنە زێڕینییەکەدا خۆیان نیشان دەدا.
هەریەکەیان لە دەروازەیەکی شارەوە هاتن و
لە شوێنە والاکەی، بەردەم شوورە گرنج گرنجەکەی کۆشکی ناوین
بەیەکدی گەیشتن،
ئای ئاننا چۆن خۆی هاوێشتە ئامێزی و
دەستی لەسەر سینگی دانا.
چۆن کەواکەی بەدوایدا
بەدەم هەنگاوی خێراوە، دەشەکاوە و سوور دەچووەوە
چۆن سەری هەڵبڕی و
دڵخۆشی و نەرمونیانیی پێوە دیاربوو.
بۆ کێ؟ بۆ یواکیم؟ بۆ خۆی؟
لە ئاست نەرمونیانیی چارەنووسی خۆی
هیوای لەم چارەنووسەدا دەبینی.
«یەواکیم»یش پێشوازی لێ کرد
کەواکەی بەدەم باوە سەوز دەشەکایەوە
لەسەرخۆ دەستی چەپی نایە بەر ئانیشکی ئانا



بەپێی ڕاستیشی بەئاستەم
سۆڵە چەرمە سوورەکەی داگرت.

### ٧

## یوسف و فاتیمە

کە بەدەوری ئەم ژیانە نادیارەدا سووڕامەوە
نادیار، چونکە لە ڕووناکی نەبوو.
هەمیشە ناخیم دەناسی
شتێک بوو تێیدا ون ببیت
نادیار وەک کە کەسێک، لە دەرگایەکی
شوورەی باخچەوە ون دەبێ –
ئەم کۆڵانە دەبینیت؟
دیوار درێژ و نزم،
بێ پەنجەرە،
بەدەروازەی تاکوتەرای
نەوییەوە.
بەدرێژایی کۆڵانەکە زبڵ هەڵدراوە
لە ناوەڕاستدا چڵپاوێک،
یان جۆگەلەیەک هەیە
پشیلەیەکی مردووی تێدایە
چەند پشیلەیەکی زیندووش خۆیان دانووساندووە
سەگێکی پەراسوو ئاوساویش دەسووڕێتەوە و
بۆن بەزبڵەوە دەکا
هیچی تر نییە.

ئێستا بەوردی سەرنجی
ئەم دەرگا دارینە سەوزەی لای ڕاست بدە
چونکە هەر ئێستا مانگ دەکەوێتە بن هەورەوە
بڕۆ بەلەپەکوتێ، دەرگاکە بدۆزەوە
پێ دەچێ لەخۆڕا ئاوالا بێ
ئێستا خۆت لە باخچەیەک دەبینیتەوە
ئەوجا چییە درەختەکان نابینیت: دەشنێنەوە
ئەوجا چییە گوڵەکان نابینیت: بۆنیان دێت
ئەوجا چییە فوورە و دڵۆپە مرواریییەکان نابینیت،
پەرشوبڵاو دەبنەوە و
گوێت لە پرووشکەکان دەبێت.
ئەوجا چییە با نابینیت
گوێت لێیەتی کە هەڵدەکا
بەدەم باوە گوێت لە دەنگی کەوای سووکی فاتیمە دەبێ
کە بەخێرایی هەنگاو هەڵدێنێ و
بەدوایەوە دەشەکێتەوە
لە سەر سینەت هەست بەدەستەکانی ئەو دەکەیت.
دەپاڕێنەوە
دەستی داوەتە بەر ئانیشکی چەپت
پێی چەپی بەپێی ڕاستت دادێنێ و
ڕووخساری پڕە لە سۆزی چارەنووس
هەست دەکەیت: ڕوو لە ئاسمانە و
پڕە لە چارەنووسی خۆی.



هەردووکیان لە تاریکییەوە،
هەریەکەی لە دەروازەیەکەوە
لە لای فریشتەی سێبەری خۆیەوە هاتووە
فاتیمە،
ژووانی من و «یوسف»ی شازادە وابوو.

## ٨

شازادەیەک، چاکە ناوی نەهێندرێ
چۆک دادەدا و لە باوەشم دەنێ،
گۆزەیەکی شێوە ژنانەم
وەک بەژن و باڵای ژنانەی خۆی.
ئێستا لێم دەپرسیت، گۆزەکە چی تێدایە
کە ئەم شازادە لاوە، وەکو «قوربانی»یەکی سەر ئەژنۆ،
لە باوەشی ناوە.
ئەدی، بۆ لە تاجەکەیدا ئاگرێکی خوری کەشمیر
سوور ڕەنگ دەسووتێ؟
بۆ لۆچی سەر لێو
وەک تارمایی بەسەر لێوی میر دەمێنێتەوە؟
بۆ «مەنگالی» بەرپێی دووکەڵ دەکات و
توولەی تەنکی بۆنێکی خۆش، بڵاو دەکاتەوە،
کە لە لۆچەکانی جلوبەرگی،
یان لەو شاڵە دەچێت کە لە گۆزەکەی ئالاندووە؟
بۆ لکی درەختان دەیپارێزن و بۆ ئەم لکانە هەمیشە بەهارین؟
ئەدی بۆ باڵندەکان لە ناو بنچکان شاراوەن و

بلێ بۆ دەجریوێن،
وەکو ئەوەی بپرسن: ئەم گۆزەیە کێی تێدایە؟
چونکە هەموو شتێکی ناو ئەم وێنەیە لەناوچووە و
دەمێکیشە با، باریکە دووکەڵی بخووری پەرتوبڵاو کردووەتەوە.
تاسەیەکی بێ ئاسەوار و بێ ئەوەی کەس تاسەی کەسێکی دی بکات،
وەکو تەمێک دەمێنێتەوە.
بەڵام دەکرێ تەمێکی واش، هێمای ئەو سێبەرە بێت
کە بێ خۆر و مانگیش هەر دەمێنێ.
ژن بێ پیاو بێ، لە قووڵایی گۆزەیەکە،
ئەگەر شکاویش بێت.

## ٩

## داستانی فاتیمە

### تەواو بوو

– گیانە؟ لای تۆ بێن؟ یان لای من؟
پرسیاری بەتەوسی ژنەکە، وابوو بەم شەوە.
– لای تۆ! وابوو وەڵامی کەلەڕەقانەی ئەو
دیسان دەست لەناو دەست بەناو شەودا ڕۆیشتن
لە شار دوورکەوتنەوە، لە قەراغی شار دوورکەوتنەوە
بەسەر باخچەکانی خەمرکدا، لەشەودا سەحەر داهات
ڕێگای ئەوسەر لە لمدا ونبوو، لەبەر ئەو خۆرەی
کە لە شەودا هات و هەر بەرز بووەوە، مانگ کاڵ بوو.
خۆر وێنەی سێبەرەکانی بەڕەشی دەکێشا،



کە ئاواش بوو، گەیشتبوونە لای ژنەکە، ئیتر بەمشەوە ڕێگا نەما
لای یەکدی پاڵ کەوتن، لە ژێر پیاوەکەدا «سێبەرەکە» هیچ نەدەبینرا
بەڵام کە خۆیان وەرگێڕا، وەک کە جووتبوو خۆ وەردەگێڕن.
لە ژێر «سێبەر»یدا، خۆی هیچ دیار نەبوو،
ئاوا شەو ڕۆژی بەدوادا هات و ڕۆژیش شەوێکی تر.

## چەند شیعرێکی دیوان لە بارەی میری ئێمگیون

١

لە خەوندا گوێم لێ بوو:
– حەبیب، ئەم پیازە
یان هەر لەتێکیت دەوێت؟
دووچاری دوودڵییەکی گەورە بووم
گرێی ئەم پرسیارە
گرفتی ژیانم بوو!
لەتەکەم بەر لە هەمووی دەوێ
یان هەموویم پێش لەتەکە دەوێ؟
نا ، هەردووکیانم دەوێ
لەتێکی هەمووی و هەموویم دەوێ
لەم هەڵبژاردنەشدا هیچ کێشەیەک نییە.

٢

گوللەیەکم بۆت لە قاڵب داوە
بۆ ئەوەی لە دڵی مندا بتپێکێت
بەردە، بەندییەکان تاشیویانە
قورقوشمە، لە خوێن هەڵهێندراوە
ئاسنە، لە هەنگوین هەڵهێندراوە
شاخە تاشەی گەورەی
لێ تاشراوە
بۆ ئەوەی زێتر زامدار بکات



بۆ ئەوەی هەست بکەیت
مردنی خۆشەویستی مانای چییە

٣

بەنێوانی شیشەی پەنجەرەکەوە
با پەڕی باڵندەیەکی هێنا ژوورەوە
یان یەکێکی دی هێنای
دەمێکی زۆر لەسەر زەوی مایەوە
تا بەدەست هەڵم گرتەوە
– پەڕێکی ئاساییی باڵندە
ئێستا دەمەوێ نهێنیی بەندێکت پێ بڵێم:
هەموو کۆترێک ئاسایی نییە.

٤

لە من ناوەشێتەوە
لە بۆسەوە بکوژم
من خۆم کەوتمە ناو بۆسە و دەستگیر کرام
لەسەرخۆش دەمکوژن
زۆر لەسەرخۆ
دیگێنییس ئەگەر بەرانبەری تۆ ببامەوە
چەکەکانمان دادەنا
باوەشمان بەیەکدا دەکرد و
زۆر لەگەڵ یەکدی دەدواین
کە ئەمڕۆ، لەسەر چی شەڕ بکەین و
لە ماڵئاواییشدا باوەشمان بەیەکتریدا دەکردەوە



ئارتور لوند كڤيست
١٩٠٦-١٩٩١

## ئارتور لوند کڤیست

نیو سەدە زێترە، ئارتور لوند کڤیست دەنگێکی گەورەی ئەدەبی سوێدییە، دەنگێک کە ڕەنگە چەندان سەدە ببیسترێ. ئەو هەر لە دەمی هەرزەکارییەوە دەیزانی، یان ڕاستتر بڕیاری دابوو ببێ بەنووسەر. بۆیە بەژیانی جووتیاریی خێزانەکەی نامۆ بوو. باوکی هەوڵی دا لە نووسین دووری بخاتەوە و لەسەر کارکردن ڕایبێنێ، بەڵام ئارتور باوەڕی بەخۆی بوو دەیویست خۆی ڕێگای ژیانی هەڵبژێرێ.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە ماڵ دەردەچێ و لە ستۆکهۆلم جێنشین دەبێ. لەوساوە تا دوارۆژی ژیانی بەدەستکەوتی نووسین ژیا. ئارتور زوو لەو ڕاستییە گەیشت، کە وەک نووسەر، دەبێ دووربێ لە ژیانی خێزانداری و منداڵ پەروەردەکردن. دەبوو ژن نەهێنێ و نەوەی لێ نەبێتەوە. چونکە بڕوای وابوو، کە ڕێگای کارکردنی لێ دەگرن. بەڵام کە بەماریا ڤینێ ئاشنا دەبێ و دواییش بەو مەرجە دەیخوازێ کە منداڵیان نەبێت. ماریا ڕازی دەبێت و خۆیان بۆ نووسین تەرخان دەکەن. بەمە سەرەتای هاوسەرییەتییان دەستی پێ کرد.

ئارتور یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە زۆر لە نووسەرە گەورەکانی جیهانی دۆزیوەتەوە. بەردەوام نووسەری باشی دەدۆزییەوە، بەرهەمەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی سوێدی و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەنووسین. ئەو بوو ساڵانی شەست شیعرەکانی «پابلۆ نیرۆدا و ئۆکتاڤیۆ پاز»ی وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی و لێکۆڵینەوەی لەسەریان نووسی و پاشانیش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەخشینی خەڵاتی نوبێل بەم دوو نووسەرە.



لە ساڵانی سیدا ئارتور و گوننار ئێکێلۆف شیعر و مانیفێستی سووریالییە فەڕەنسییەکانیان وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی و بزووتنەوەی سووریالییەکانیان هێنایە ناو ئەدەب و هونەری سوێدی. لە ساڵی **١٩٦٨** گوننار ئێکێلۆف مرد، ئارتور هەڵبژێردرا ببێ بەئەندامی ئەکادیمیا. ئارتور گەورەترین گەڕیدەی ئەدەبی بوو، گەڕیدەیەک کە هەر هەموو دنیا گەڕا. بەنووسین باسی ئەزموونی سەفەرەکانی خۆی کردووە. بۆ ئەو، سەفەرکردن وەک خوێندنەوە، پێویستییەکی ژیان بووە. دوو ڕێگا بوون بەرەو حەقیقەت.

## شار

شار،
تۆ بۆ من وەک دایکێک بوویت،
لە ئامێزی بەرد و پۆڵاتدا گریاوم،
گوێم لێ بووە دڵی گەورەت لێ بدا، ئاشنای ڕۆحت بووم
دیومە خۆر لە هەڵمی هەناسەتدا کڵپە بکا، هەوری بەبارانم دیوە
وەک تاوێری گرنج گرنجی ڕەش بەسەرتدا بکشێن،
گوێم لێت بووە لەبن ئەستێرەی شەودا، پڕ بەناڵەی هەموو زیندەوەرێ
لەبەرخۆتەوە گۆرانیت بڵێیت.
شار،
تۆ دەژی، برسی دەبیت، یاد دەکەیت، بنیات دەنێیت
تۆ یادگارەکانی ڕابردوو و خەونەکانی دوارۆژت هەیە.
بوولێڵەی بەیانیانت دەناسم: ساتە دژوارەکانی سەحەر،
کاتێک کە شتێک هەبووە و نامێنێ و سەرەتای شتێکی نوێ دەست پێ دەکا،
کاتێک ئەو قاوەخانانەی زوو دەکرێنەوە و گەڕیدە سەرمابردووەکانی شەویش
لە گۆشەی شەقامەکانەوە، لە خەم و پەژارە بێدار دەبنەوە و بە لەنگە لەنگ
دێنە بەر گەرماییی زۆپاکان، تا فنجانێک قاوەیان بدرێتێ و سەریان بەسەر مێزەکاندا
بنووشتێننەوە و تاوێک بنوون.
کاتێک شەمەندەفەرەکان پڕن و کرێکارەکانیش بەسەفەرتاسی دەستیانەوە



لە سەر شۆستەکاندا پاڵەپەستۆ و پەلەیانە.
کاتێک دوکانەکان دەکرێنەوە و مانشێتی ڕۆژنامەکان هەڵدەواسرێن و
هاوار دەکەن:
کوشتن
جەنگ
فێڵبازی
کارەساتی سروشت
شار
بەیانیان پەنجەکانت لە سەرمادا سوور هەڵگەڕاون، نیمچە بێدار باوێشکاوی
بەپەلە پڕوسکێ و شپڕیوییەوە، دەتەوێ بەجۆشوخرۆش بژی و
تەقە تەق بکەیت و
لە دوای پشووی شەودا خێرا شت دروست بکەیتەوە.
لە زەردەی ئێوارەشدا بەسەر پردەکانتەوە وەستاوم،
لەوێ ئاوێکی ڕەشیان بەژێردا دەڕوا –
لە بەررۆشنایی چرای غازیشدا کە سپییێتی دەپڕووشێننە سەر قیرتاوەکە،
شاڵاوی مرۆڤم دیوە بێتە پێشەوە، جەستە لەتەک جەستە و
ڕووخسار لەتەک ڕووخساردا.
بیریشم لە مێگەلێک کردووەتەوە، کە هەمیشە لێی دەدرێت: برسێتی و هیوا
بۆ چارەنووسی نادیاری دەبا: بۆ نوستن لە تەوێڵەدا – بۆ کۆیلەیی –
یان بۆ قەسابخانە.
چوومەتە سەر بەندەر، لەوێ کەشتییەکان لەنگەریان گرتووە و بار دەکرێن.

باركێشەكان تەقە تەق و، لۆرییەكانیش گرە گر و، خەڵكەكەش
دەنگە دەنگیان دێ.
كرێكارەكانی بەندەرم دیون: پیاوی كەتەی ڕووخسار سووری دەست
ئەستوور،
لە بای شێداری دەریادا پێچرابوون و تێنووی بیرە بوون.
ئێوارەی بەندەرم لەبیرە، تووتە تووت و تیشكی چرای كەشتی لە
دەریاوە،
وردە شەپۆلی ئاوی تاریكی بەندەر،
تیشكی چراكان، لە سەر پشتی ئاودا وەك مار دەخشكان.
چوومەتە قاوەخانەكانی بەندەر: تاریك، دووكەڵاوی – وەك دەریا
هاژەیان دەهات –
لە تاریكیدا: دەریاوانێك بەئەكۆردیۆنێكەوە، بەقایشێكی وەك خوێن
سوور و تیرەماری،
قەپۆزێكی پێكەنیوی ددان سپی.
لە دەرەوەشدا ژنە لەشفرۆشەكانم دیون، وەك كچی ئاشق لە بەرتیشكی
بازنەیی
چراكاندا دەهاتن و دەچوون.
چاوەڕوانی كوڕانی برسیی خۆشەویستی دەریا بوون،
ئامادەبوون بەجەستەی بێ نوور، لە گوناح پاكیان بكەنەوە.
شار، من پەڵەی سوورم بەسەر جەستەی تۆدا دیوە:
كۆڵان و خانووە تاریكەكان،
پشت خانووەكان ئاودەستخانە و زبڵدانە،
لە كەلاوە تەسكەكاندا، خێزانی گەورە لە نەخۆشی و لە جووتبووندا
خۆیان تێ پەستاوە.



بینیومە:
ژنی دووگیان پێپلیكانە بسڕێتەوە،
كیژۆڵان ڕۆژانی ساردی زستان، لە گۆشەی شەقامەكاندا لكی سەوزی
سنەوبەر بفرۆشن.
پەڵەی شین و مۆری ژەهراویی سەرمام بەسەر ڕووخساری منداڵەوە دیوە،
لە لای قیرچییەكان خۆیان گەرم بكەنەوە،
شار،
تۆ ئەو جەنگەڵەی كە ڕاوە گەورەكەی لێ دەكرێ:
ڕاوی زێڕ و خۆشەویستی.
خەڵكەكە ئاژەڵی دڕندەن بەدوای نێچیردا، تا برسێتییان بڕەوێننەوە،
بەئۆقرە خۆیان مەڵاس دەدەن تا لەناكاودا پەلامار بدەن و هەڵلووشن –
تەنێ لە پەڕین و جووتبووندا دەتوانن لە یەكدی نزیك ببنەوە و
خۆ لە یەكدی بسوون و بۆ تاوێك ببنە مێخ.
فیلمەكە باسی ڕاوی خۆشەویستی و زێڕ دەكا و
تێیدا پەیڤ و پێكەنینەكان، چاوبازی و زەردەخەنەی سەر مێزی
ڕێستۆرانتەكان
– ڕاوی خۆشەویستی و زێڕە!
شوێنی سەماكردنیش وەك گۆمی بەر تریفەی مانگەشەوی جەنگەڵ وایە.
چێترین شوێنی ڕاوە، بۆنی پێستی ڕووتی ژن – ورشەی تەوژمی خوێنی
گەرم
– ئاوازی ڕۆندك و لیك – ئەم ڕیتمە ئەبەدییەش، كە جەستەكان
دەهەژێن –
ئەو ئاوازانەی كە ساكسیفۆنەكان دەیگریێنن، ئامێرەكانی مۆسیقا
دەنگیان دێ و

ئێکسلوفۆنەکانیش دەجریوێن –
ڕیتمی دڵ لێدانە، هەناسەدان و خوێن و جووتبوونە.
شار،
لە چاوتدا هەموو شتێکم دیوە:
بەکەڵ هاتووی، خوێنڕێژی، چاکێتی، نەرمونیانی و خەون و ئارەزوو،
بەڵام
لەوسەر تا ئەوسەر:
برسێتی
شار،
گوێم لێت بووە، وەک ژنێکی گەنج لە بەهاری دارستاندا پێ بکەنی،
گوێم لێت بووە، وەک دەڵاڵێکی مەست و فێڵبازی ئەسپ
لە مەیدانێکدا پێ بکەنی.
گوێشم لێت بووە، وەک ژنێکی بەر زاینی، بناڵێنی،
گوێم لێت بووە، بنووزێیتەوە، وەک ژنێک کە شەوان بەتەنێ دەڕازێ و
بۆ خۆشەویستەکەی دەگری.
شار،
تۆ پێ دەکەنی و دەنووزێیتەوە، تۆ ئەڤینداری و جەلادیشیت،
بەڵام تۆ دەژی، دەژی، دەژی!
خوێنت بەتەوژمە و گەرمە،
دڵە گەورەکەت توندوتۆڵ لێ دەدا
تۆ دەژی!

*

شار،
تۆ هیچ مانایەکت هەیە؟



بەتۆ مرۆڤایەتی خۆی بدۆزێتەوە؟
بەتۆ بەدوا پلە و دوا ئامانج دەگەین؟
خەون بەوەوە دەبینی، کە ڕۆژێک بێ بەشەقامی درێژەوە گەورە ببێ،
بەرەو ئەستێران هەڵبکشێیت و تیشکت دوور بهاوێژێتە ناو شەوانی
فەلەکەوە؟

## ژیانی ژن

ژنێکی گەنجە و بۆنی گوڵزاری گەشی لێ دێت.
منداڵی دەوێ، دەیەوێ بزێ و بەبەرهەم بێت،
دەیەوێ هەست بکا مەمکەکانی پڕ دەبن و بەشیر قورس دەبن.
ئەمە تاسەی منداڵدانی ئەوە.
بەهاران دەڵێی زەوییێکی بەیارە و گوێ بۆ هەنگاوی تۆوەشێن هەڵدەخا
ساڵ دەڕوا.
تەماشای لەشولاری خۆی دەکا – نا، هیچ.
لە پەنجەرەوە درەختێک دەبینێ.
هاوین – سەوزایی و پاراوی ژیان،
پایز – سیس دەبێ و سوور هەڵدەگەڕێ، گەڵاکان دەوەرن،
ڕووت دەبێتەوە و ڕەش هەڵدەگەڕێ.
ئەوسا بەهار دێ – بۆنێکی سەیر لە شیلەی قەد و لکەکانیدا بڵاو
دەبێتەوە.
گەڵاکانیش، سەوز دەگەشێنەوە.
ساڵ دەڕوا.
درەختەکە دەپشکوێ، ڕەش هەڵدەگەڕێ.
هەمدیس دەپشکوێ و دەپشکوێتەوە.
ئەو – هیچ، هیچ!
نیگەرانییەک دەیسووتێنێ، ترسێک –
ئایا ژیانی ماوە؟
دەژی بێ ئەوەی بژی؟
بۆنی شیلە لە درەختەکەوە بڵاو دەبێتەوە.



لە بەرتیشکی ڕووناکیی بەهاردا بەسەر ئاوێنەدا دەچەمێتەوە و
لە دڵەوە هەست بەخورپەیەک دەکا
تاڵ تاڵی سپی کەوتووەتە ناو قژی!
بەدەستی لەرزۆکەوە تاڵە سپییەکان هەڵدەکێشێ
دووچاری بێ ئارامییەکی زۆر دەبێ –
دەبێ پەلە بکا. پەلە –
بەدوای ئەودا بگەڕێ، دڵدارەکەی، تۆ وەشێنەکە!
بەپڕتاو لە ماڵ دەردەپەڕێ، بەرەو شەقام –
پیاوێک دەبینێ خەریکی قیرتاوکردنە
خۆی داوێتە بەر پێی، خۆی ئاوێزانی دەکات و
عەشقی خۆی بۆ جاڕ دەدا –
ئێستا خەڵک دێن و دووری دەخەنەوە.

## کۆتایی

پیر ببی، ڕەونەقی گروازەییی قژ، گەشیی چاو
ئاڵی سەر لێو و تەڕ و ناسکیی پێستت لە کیس بچێت
ئەمەیە چارەنووسی سەخت.
ئەم چارەنووسەش بووە بەهی ئەو ژنە –
ئەوێ کە نازناوی زۆری لە سەر شۆستەکان چنیوە و
هەموو شەوێکیش بەسەر شەرابی سووردا پێکەنیوە.
ئەمشەو، نۆڤێمبەر – فەلەک پڕ لە ئەستێرەن
سەرماش بەسڕی لە سەر هەرێزی باخچەکاندا هەناسە دەدا..
ئەویش شەقام بەشەقام دەگەڕێ،
سەرنجی سەر سووچەکان دەدات و لە بن گلۆپەکانیشدا ئاوڕ دەداتەوە.
دەیەوێ چاوی پرشنگدار بێ و
بەدەمی وەک ڕەنگی گۆشت سووریشی سەرنجکێش بێ –
بەڵام بێهودەیە.
کەس نایبینێ، هەموو بەپەلە بەلایدا تێ دەپەڕن
ئێوارەش ڕادەشکێ و دەڕوا.
سەرما. ئەستێرە. شەو.
وا شەقامەکان چۆڵ دەبن
ئەو لەوێیە. دەڕوا و هەڵدەچێ –
بەنەفرەت بێ. کەس نییە ئەمشەو بیەوێ کەیف بکا!
کەس لە غەمی خۆشەویستیدا نییە ئەمشەو!
لە بووتڵی ناو جانتاکەی قومێک دەخواتەوە،
کەمێک ئاگر بەناو لەشیدا بڵاو دەبێتەوە.



بەڵام هەر زوو لە سەرمادا دەکوژێتەوە –
مەست نابێ، خۆشیی دێوانەیی وەرناگرێ!
نا، ئەو کوژاوەتەوە، سووتاوە!
هەست دەکا پیر و هەژار و چارەڕەشە، ئۆف، سەخت و دەردەسەرییە!
بەرهەنیسک هەڵدەدا – ڕۆژگاری بەسەرچووە
ئیتر دەبێ زەوی پاک بکاتەوە –
ئەوسا یەکێک باڵی دەگر، لە دەروازەیەکەوە دەیباتە ژوورێ،
بەپەرۆشەوە باوەشی پێدا دەکا و بەلاڵەپەتێ پرسیاری سەیر دەکا.
ئێستا دەبێتە کاڵای بازرگانی و بێ هەست –
ئێستا خۆشەویستی دەفرۆشێتە مووشتەرییەک!
بەڵام لە بەرتیشکی چرایەکی سەر شەقامدا ڕووخساری کوڕە دەبینێ –
هێندە گەنجە، منداڵێکە، ڕەنگە یەکەمجاریشی بێ –
دەبۆڵێنێ، نا – ناتوانم، ناتوانم –
گوجیلە سەگ! ڕەنگە نەخۆش بم – تێ دەگەی؟
لێی دوور دەکەوێتەوە و ڕا دەکاتە سەر شەقام.
شەو. سەرما. ئەستێرە.

## ڕووخسار

ئەمشەو لە گۆشەی شەقامێکدا ڕوخسارێکم بینی –
وەک هی کچە گوندییەک نەرم و بۆندار نەبوو.
ڕەنگپەڕیو و باریک بوو
چاو، ڕەونەقێکی سارد و ڕەش هەڵگەڕاو
دەم، سوورێکی خوێناوی، وەک کوشتنی کەسێک لە سەر شەقامێکی ڕۆشندا
قژ، ڕەشی بریقەدار، وەک قیرتاوی بەباران تەڕبوو.
ژنێک،
بێ خەم ڕێ دەکا –
لە ژێریدا ئەم قیرتاوە ڕەشە،
لە سەرەوەیدا ئەم ئاسمانە ڕەشە
بەرانبەری شۆستەی ڕۆشنی شەقام.
لە سەر ڕێگای لەزەتە کە ئەو بێ خەم، بێ خەیاڵ دەخوولێتەوە و
لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێ
تا تاریکی دەوری هەیە، ئەویش بەئارامیەکی زۆرەوە چاوەڕوانە.



## پایز

ڕەشەبا و پەڵە هەوری ڕاونراو.
درەختی بەلای ئاسۆیەکی سووردا بەلادا هاتوو.
ڕێگاوبانی چۆڵ
کەس لە بەردەرگاکان نییە.
ئەسپە کێوی بەترسەوە لە دەشتایی ڕووتدا غار دەدەن.
(چۆن یاڵی درێژیان لە ناو پەڵە هەوران دەشنێنەوە!)
ئاوی پایزان بەشەپۆلی گەورەوە تەوژم دەدا و دەڕوا
ڕەونەقی ئەم ئاوە، تاریکیی ئاوریشمییە، ڕەنگی ئاڵی ناوەوەی سەدەف و
ڕەنگی ئاڵ و واڵی پۆڵای ناو کوورەیە.
کوڕ و کچێکی گەنج لەسەر ڕێچکەیەکی تەڕ و سووری پایزیدا دێنە ژووانێ.
(چۆن بایەکە بەر جلوبەرگیان دەکەوێ و دامێنی خڕی ژنەکە دەردەکەوێنێت!)
لە سەر قەدی درەختێکی چوارڕیانێکدا، ئەفیشێکی سوور دەشنێتەوە.
وەک ئالایەکی شەکاوەی ڕابوون – بەدەم باوە دەشنێتەوە و دەشنێتەوە.

## سەحەر

گوندێک هەیە
نزیک دەریا، خانوو سپییە
لە بن تەمومژی تاریکی دەشتەکەیە –
کوڕ و کچێکی گەنج بەرەو گوندەکە بەڕێوەن
خۆری بەیانی لە چاویان دەدا و
تووشی ماسیگرێکی پیر دەبن،
دەریاوانێکی بەتەمەن
سەبەتەیەکی پڕ لە مارماسیی سەوزی پێچ خواردووی
لە سەر پشتی هەڵگرتووە –
ئەو لە دەریاوە دێ
لەکن کەشتی، تۆڕ و قووللابەوە دێ –
ئەوانیش لە دەشتەوە دێن
بۆنی گەڵایان لێ دێ و لە عیشقدا سوورهەڵگەڕاون –
ئەمە دوو لایەنی ژیانە ئەم بەیانییە.



## کات؟

هەنووکەش کات هەر هەیە؟
کات بۆ مرۆڤ، کات بۆ جیهان؟
لە هەموو شوێنێکدا بەدوای دیاردەدا وێڵێن،
لێ نازانین چی مانای چییە؟
کاتمان هەیە بیر بکەینەوە، بڕیار بدەین؟
بێ گومان دەبێ بڕۆین، بۆ پێشەوە بڕۆین.
بەردەوام بین بەرەو ئەم نەناسراوە ترسناکە.
(لە گەردوگوڵی بەیانیدا ماسیخۆرەیەکی دەریا دەبینین بەرز بفڕێ و
وەک دەسماڵێک بکەوێت.
جار لە دوای جار بەرز دەفڕێ و دەکەوێتەوە.
وەک ئەوەی بەداوەبەنێک بەسترابێتەوە.)
ئایە لە ئێستاوە هەموو شتێک درەنگە؟
یان چ جاران درەنگ نییە؟
قەت درەنگ نییە لە سەر زەوی؟
هیچ کات بۆ مرۆڤ درەنگ نییە؟

## درەخت

ڕووەو ئاسمان هەڵدەکشێم و گڕی خۆر دەخۆمەوە و
خۆشاوی زەویش دەچێژم، وەک چۆن منداڵ شیر لە مەمکی دایکی
دەمژێ،
بای بەهاران ڕامووسانم دەکەن،
باڵندە دێن و لە سەر چڵەپۆپەکەم دەخوێنن، هەڵدەفڕن و باڵندەی تر دێن،
پایزان ورشە ورشی ڕەشەبا لە ئامێزم دەگرن،
زستانان زوقمی سپیم لەبەردایە و لە قووڵایی ناخی خۆمدا
خەون بەخۆرەوە دەبینم، کە سەرلەنوێ ژیان لە ئەندامەکانی لەشمدا
دابگیرسێنێ.
ئاوا هەڵکشاو ڕووەو ئاسمان، بەباڵندەی دەم بەجریوە لەسەر
چڵەپۆپەمدا،
زۆر هاوینی ڕووناک دەوەستم،
لە ئاکامدا دەبم بەخۆڵ، کە تێیدا درەختی نوێ دەڕوێ.
سوپاسی گڕی خۆر و خۆشاوی زەوی دەکەم، سوپاسی بای بەهاران و
ڕەشەبای پایزان دەکەم.
دڵخۆشم کە سەردەمێک بژیم و پاشان کە هێزم لەبەر دەبڕێ بمرم –
دڵخۆشم کە سەردەمێک بژیم و پاشان بمرم، کە هێزم نەما
بۆ بەختیاری زەوی ژیام، دەبم بەخۆڵ –
دڵخۆشم ببم بەو خۆڵەی نەمامی نوێی تێدا بڕوێ.



## مۆسیقاژەندنێکی گەنجانە

لە سەر ڕێگا گەورە خۆڵاوییەکەدا دانیشتبووم، هیچم نەبوو –
گەنج و تەنیا و بێ ئامانج بووم، لە دار سماق فلووتێکم دروست
کردبوو،
دانیشتبووم و دەمژەنی، چەند ئاوازێک، جریوەیەکی بچووک –
چونکە خۆرەتاو بوو، پەڵە هەورەکان سپی بوون و منیش گەنج.
فلووتەکە تامی تاڵی جەویی توێکڵە دارەکەی دەدا –
دەبوو هەندێک جار تف بکەم. تفەکەش کەمێک سەوز بوو.
ئەودەم کچێکم بینی بەڕێگاکەدا، بەرەو ڕووم هات و پێ کەنی
لە بەرهەتاودا دەڕۆیشت، بەقژی زەردەوە لە بەرخۆردا، پێ کەنی
لەولاوە دانیشتبووم و کەمێک فلووتم ژەنی، چەند ئاوازێکم بۆ ڕۆکرد
بۆ ئەوەی بەسەریاندا بڕوا،
بەڵام ئەو بۆ من پێ نەکەنی، بەرەو ڕووی من نەدەهات
بەلامدا تێ پەڕی، بۆ کەسێکی تر چووە ژووانێ.
دەستیان لە کەمەری یەکتری ئاڵاند و بەڕێگاکەدا ڕۆیشتن –
ڕێگا گەورە خۆڵاوییەکە.
فلووتەکە تامێکی یەکجار تفت و تاڵی دەدا – من تفم ڕۆ دەکرد
تفەکەش کەمێک سەوز بوو.

## شمشاڵی قوڕ

من شمشاڵێکی سادەی قوڕی خاکم،
لەنێو ئاگرێکی بەر والآدا سووتام.
لەگەڵ ئەوەشدا وەک کۆترە باریکەی بەهاران
ئاوازێکی نەرمم هەیە و کەمێکیش سوورم
وەک ئەوەی بەخۆر سوورهەڵگەڕابم.
ئەی گەڕیدەی تامەزرۆ
بەرلەوەی فڕیم بدەن و
لە سەر ڕێگا پێم پێدابنێن
تاوێک بمژەنن و
فوو لە ڕۆحی گەورەتان بکەن.
خۆڵ، زەریا و فەلەک!



## باوەش

خۆم دەخەمە باوەشت و گوێم لێیە دڵت لێ بدات
وەک ئەوەی گوێم لێ بێت دڵ لە سینەی ژیاندا لێ بدات
قژت دارستانێکی بەهارییە و خەونی تێدا دەبینم
دارستانێکی تاریک، بۆنی گوڵزار و خاک و بارانی لێ دێت
گوێم لە درەختی گەورە، گیای بڵند و ئاوی دنیایە.
تۆ بەلاویی مەستیت، لافاوی ئەوینت بەسەردا هاتووە،
وەکو دار مێو خۆتم لێ دەئاڵێنیت،
دەمت وەک ترێی گەییوی تەڕە،
هەموو دنیا فەرامۆش دەکەیت و تەنێ ئاوازێکیت،
خوێنت وەک دەریا و ڕووبار هاژەی دێ،
هاژەی دێ و بێ خەم بەخۆشییەوە گۆرانی دەچڕێ
وەک کە زیکزیکە لە ناو پەرێزی گەرم و بۆنی هاوین لێهاتوودا گۆرانی دەڵێ.

## باران

ئەمڕۆ باران
دەڵێی قژی گەورە و نەرمی ژنێکە،
بەسەر زەویدا دەشنێتەوە –
ڕەش و فێنک و بۆندار.
تۆ کە لە خۆشەویستیدا خیانەتت لێ کراوە و
بەسەر غەمی تاریکی دڵتدا چەماویتەوە
گوێ لە دەنگی باران بگرە و
گوێ ڕادێرە بۆ دەنگی پڕ لە دڵدانەوەی –
هەموو شتێک دەڕوێ
هەموو شتێک بۆ پێشەوە دەچێ
هەموو شتێکیش دەبڕێتەوە
بەڵام ژیان هەر بەردەوامە.



**ئەمشەو** هەموو شتێک تاریک بوو، بێ مانا و کپومات بوو، هیچ نەبوو
تەنێ دڵی من
لە تاریکیدا لێی دەدا،
من تەنیا:
دڵێک بووم لە خەمان لێی دەدا.
بەڵام ئەمڕۆ
ئای کە ئەمڕۆ تیشکی خۆر چەند بەتینە
بایش یاری دەکا،
خەڵک لە گۆڕەپان و شەقامە گەورەکاندا
لەبەر بیراوەکان و لە پێش دوکانەکانی سەوزدا
وەک گوڵی شناوە، دەخوولێنەوە.
ژنانیش بەگۆزە و سەبەتەی سەرشان و ملیانەوە
منیش دانیشتووم و دەستی گەرمی زیندووی خۆشەویستەکەمم
لە ناو دڵمدا گرتووە،
لە چاوانی ئەودا دەبینم،
نە شەو و نە تاریکیش هەیە،
نە بێ مانایی، نە کپوماتی و هیچ شتێک نییە،
تەنێ بەیەکەوە بوون و ڕووناکی هەیە.

## ژنە بەرگدرووەکەی نهۆمی پێنجەم

لە خانووێکدا، ژنە بەرگدروە هەژارەکە، لە نهۆمی پێنجەمدا. هەر لە بن سەربانەکەدا دەژی و
دەتوانێ گوێی لە لێزمەی باران بێت.
نەخش و پارچە قوماش والا دەکا، بەدەمبووس کە لە نێوان لێو و بە بلووسەکەیەوەتی
بەیەکەوەیان دەنووسێنێ، بەتەباشیر هێڵکاری دەکا، دەبڕێ و بیر دەکاتەوە،
بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بەچاکترین و جوانترین شێوە بدوورێت.
لەسەر مەکینەکەدا دانیشتووە و دروومان دەکا، هەندێ جار، پێی وایە مەکینەکە پێ دەکەنێ،
لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەچڕێ و بیرگیتی بچکۆڵەش
لە تەکیەوە دانیشتووە،
تیشکی خۆرە و یاری بەپارچە قوماش دەکا.
بەڵام دەمەو ئێوارە ماندووبوون و سێبەرەکانی ژێر چاوان دێن، هەوا قورسە و مقەستەکەش
خوار دەبڕێ، دەرزی مەکینەکە دەشکێ و چکەچکەکەی سەری دەخوا
بیرگیتی بچکۆڵەش هەر دەگری و نایەوێ بنوێ.
لە زەردەپەڕدا، لە ئێوارە شینە فێنکەکەدا، بۆ هەناسەدانێک دەچێتە دەرەوە،
بەتەنیا بەشەقامە مات و ئارامەکاندا، لە باخچە لاتەریکەکاندا، بەبن درەختە تاریک و چرا کزەکاندا
دەڕوا و هەست دەکا ئێوارە خەمناکەکانی هاوین چۆنن بۆ دڵی ئەو.



بیر لە جۆرج دەکاتەوە، کە بەرلەوەی بیرگیت لە دایک ببێ، بەجێی هێشت،
دەڕوا و لێی خۆش دەبێ و میهرەبانی لە دەروونیدا هاژەی دێ –
خۆشەویستەکەم جۆرج، نەتتوانی بەجۆرێکی تر بڕیار بدەی!
بەڵام ئاخۆ قەت ناگەڕێیتەوە – من لە هەموو شتێکت دەبوورم –
ڕۆشناییەکی کەم دەوری ڕووخسارە زەرد و لاوازەکەی داوە و
بەتەنیا بەشەقامە کش و ئارامەکاندا، ڕێ دەکا. لە دوورەوە فەلەک ورشەی دێ،
وەک چکە چکی مەکینەیەک کە قەت ناوەستێ، دێتە بەر گوێ.

## بەیانی کچە کرێکارێکی کارگە

شەوە و نووستووی. لە گۆشەی ژوورەکەتدا گرامۆفۆنێک و ڕەفەیەک کە
ڕۆمانی خۆشەویستیی لە سەرە، خەون دەبینن.
کازیوە، تارایەکی ڕووناک بەسەر ئەو ئاوانەدا دەدات
کە دوور لە کارگەکانن.
لە پڕ سەعاتێکی زەنگدار، بەزەنگە تیژەکانی بوولێڵەی بەیان شەق
دەکا،
بەئانیشک هەڵدەستیت، شەو لە خەیاڵتدا نامێنێ، دەستێک درێژ
دەکەیت و
قاقای پۆڵاییینی سەعاتەکە دەخنکێنێ.
ئەوسا دەخزێیتەوە ناو جێگاکەت، بەیانییەکەش وەک قورساییەکی
تاریک و شیرتێن
خۆی بەسەرتا دەدا، خەیاڵەکان وەک پەڵە هەوری تەنک دێن و
دەڕۆن، ساتمە لە خەیاڵە ڕووخسار شێلوەکان
دەکەی و لای ئەو خەیاڵانەش دەوەستی کە پێ دەکەنن و وەک گوڵ
بۆنیان دێ.
ڕا دەبی، جەستەی ڕووتت لێک دەکشێنی، چرایەکی سەر سەرت
دادەگیرسێنی و
دەخزێیتە ناو ئەو جوولانەوانەی کە بەیانیان پێیان ڕاهاتووی –
– گۆرەوییەکی ڕەش، بەلەکی سپیت قووت دەدا –
– تارای بریقەداری ئاوەکە بەڕووخسارت دادەدەی –
– گڕی گازەکە لە بن قۆرییەکەدا وەک گوڵی سەوز دەگەشێتەوە –
– شەپقەیەکی سوور دەپەستیتە سەر قژە زەردەکەت –



ئەوسا بەپەلە بۆ وێستگەی پاسەکە، بەرەو کار بەپلیکانەکاندا دێیتە
خوارەوە
وا گۆنە قورسە سیخناخەکان لەسەر شەقامەکاندا دەخشێن و
دەنگی فیکەی کارگەیەکیش کپ و نووساو لێ دەدا.

## هاوینە وەرزی درویّنەیە

بڕوانە، لە گوندەوە ژنان بەرەو چەم دەڕۆن،
خۆیان لەنێو داراندا ڕووت دەکەنەوە،
جلوبەرگیان دەکەونە سەر گژوگیا و
جەستەی سپییان دەنووشتێننەوە.
لە ناو گەڵا و گوڵە ئاویدا مەلە دەکەن،
گەڵای بۆنداری کاژ لەخۆ دەسوون،
ئاو مەمکە خڕەکانیان هەڵدەگرێ –
دێنە دەر و ئاوی قژیان دەچۆڕێنن
خۆری ئێوارەش جەستەیان وشک دەکاتەوە –
ژنینە، قژە زەردەکانتان بکەنەوە،
وەک پەرییان بەڕووتی بڕۆنە نێو گوند،
لە ئارەزووی جەستەتان ببەخشن
لە بژوێنی هاوین ببەخشن –
ئەمشەو، لە هاویندا، لە وەرزی درویّنەدا.



**لە قەراغی** کێڵگەدا، دایکێکی گەنج دانیشتووە و
شیر بەکۆرپەکەی دەدا –
گیاش لە دەوری
نێکە گۆشتنەکەیدا کەروێشکە دەکا
نەمامێکیش
پچە سێبەرەکەی خۆی پێ دەبەخشێ.
وەک دۆدانەی پڕ،
مەمکەکانی، کە بۆنی شیریان لێ دێ.
لە ژێر بلووسەکەی دان.
سەری نەرم و نیانی کۆرپەکەش
لە سەر باسکی لە بەرخۆردا سوورهەڵگەڕاوی
دەحەوێتەوە.
لە سایەی لەچکیشدا
چاوی دایکە وەک ئاڵتوون
بەڕووی کۆرپەکەدا دەدروشێتەوە.
پەرێزێکی زەرد.
سەپانەکان لەسەرخۆ
لە ژێر ئاسمانێکی شیندا درویّنە دەکەن.

## ژنێک

ژاکاوە، ئیتر شۆخ و شەنگ نییە –
سپێدەیەکی شین لە سەر کەناری دەریادا دەڕوا
لە پەنای گاشەبەردێکی
پڕ لە قەوزەی سەوزی بۆنداردا
پیاوێک دەدۆزێتەوە!
جلوبەرگی دەریاوانییە
گەنجە و
قژی درێژ و قاوەییییە.
بەدیارییەوە، لە ناو ئەو قەوزە سەوزە بۆندارەدا دێتە سەر چۆک.
زۆر گەنج و جوانە و
دەمێکیش نییە مردووە.
بەنەرمی دەست بەقژە درێژە قاوەییییەکەیدا دەهێنێ –
ڕەنگە لە ژیانیدا قەت وا بەنەرمی دەست بەقژیدا نەهێندرابێ –
چاوەکانی بەئەشک دەدرەوشێنەوە.
وەک ئەستێران دەبریسکێنەوە.
سپێدەیەکی شینی سەر دەریایە.



## ژنە قەرەج

ژنە قەرەجێک
بەجلوبەرگی ڕەنگینەوە
بەکەمەرەی وەک خوێن سووری خۆشەویستی و
پلێپلەی بریقەداری سەریەوە –
بەردەوام بای هەر چوارلا لەنێو ڕەشماڵەکەیدا سەما دەکا
هەمیشە لە هەوارگە تازەکاندا ئاگر دەکاتەوە.
دادەنیشێ، تەماشای نێو کلێپەکان دەکا و گۆرانی دەچڕێ
ڕەنگە چاوەڕێی کەسێک بێت لە تاریکییەوە –
ڕێبوارێک، سوارێک،
بەکەمانچەیەکی تار و چەقۆیەکی خوێناوییەوە –
سپێدە، درەختەکان بۆ تاسەی بێ سنووری ژیان ورشەیان دێ و
ئەمیش بارگەی خۆی دەپێچێتەوە و
جگە لە سووتماکێکی ڕەش لە سەر زەوی و دووکەڵێکی باریک و مەیلەو
شین
هیچی تر جێ ناهێڵێ.
ژنە قەرەجێک بەجلوبەرگی ڕەنگینەوە
هەمیشە بەڕێوەیە.

## ژن

دەمت، وەک گوڵێکی بەئاونگ تەڕبووی
ژێر سێبەری درەختی گەورەیە.
چاوەکانیشت وەک سەرچاوەی قووڵ و مەند
چیای شین ئاوێزە دەکەن.
مەمکەکانت، وەک باڵندەی سپی هەڵکورماوی
دەنووک بەئاستەم سوورن.
ناوکت، وەک سەدەفێکی چکۆڵەی
پڕ لە هاژەی تاریکی دەریایە.
سوور، سوور
خوێن لە دەمارەکانتدا شکۆفە دەکا و
وەک لاسکی گوڵ بەناو ئەندامەکانی لەشتدا،
لە بن ئەو پێستە سپییە تەنکەدا پێچ دەخۆن.
ئەندامەکانی لەشت مۆسیقان،
جەستەت مۆسیقایە و
لە ئاهەنگی هەڵچووی خۆیدا ڕەق هەڵاتووە.
کە بەرانبەرم، جەستەت دەبزوێ
سەربەست دەبێ و
ئارەزووی بەجۆشم بەڕوو دادەدا.



## چاوی ژن

چاوەکانت ڕەشن،
بەڵام کڵپەیەکی بچووک لە نێوانیاندا یاری دەکا.
ئەوە زەردەخەنەی ڕۆحتە
یان ڕووناکی چرایە
تێیاندا ئاوێزانی دەبێت،
یان شارێکی نامۆ و سپییە؟
چاوەکانت ڕەشن
وەک ئاوی بەندەر لە شەودا
ئاوێک کە ڕووناکی شار ئاوێزە دەکاتەوە.

## بۆ...

گڕکانێکم و تۆش ئەو شەوە تاریکەی من تێیدا دەگەشێمەوە.
لە دەوری کەنارە شاخاوییەکەمدا وەک دەریایەکی قووڵ و فێنک دەبی.
شتی سەیر و دەگمەنم بۆ دێنی و لە بەرپێمیان دادەنێی.
سینەت بەرەو سینەم بەرز دەکەیتەوە، بەنیانی، خۆت دەخزێنیتە تەنیشتم
و
لە قووڵاییەوە بەگوێمدا دەچرپێنی.
کاتێکیش کە زریان هەڵدەکات، کاتێک غەم و پەژارە دامان دەگرێ و
ناخمان دەهەژێ
ئەوسا بەسەر یەکتردا دەڕمێین و ترسناک دەبین، لە ئارامیەکی پڕ
لە بەزم و شادیدا
یەکتر لە ئامێز دەگرین.
گڕکانێکم و تۆش ئەو شەوە تاریکەی من تێیدا دەگەشێمەوە.



## ئێرۆسی پیری

من پەنجا و چوار ساڵم و ئەویش بیست و سێیە و خۆشم دەوێ
ئەمە شێتی و گەمژەییە – بەڵام خۆشەویستی، خۆشەویستی،
خۆشەویستی ژیریی نییە، هۆشمەندی نییە و بەژمارە نییە:
خۆشەویستی وەک بایەکە لەپڕ هەڵبکا، کە درەختە پیرەکانیش دەهەژێنێ

من بێوەژنم و تەنیام لە دنیادا، کەمێک پارەم لە بانک هەیە،
ئەم مۆبلە کۆنانەشم ماون، ژوورێکیشم بەکرێ داوەتە بۆیەچییەکی
گەنج و ئاشقی ئەوم.

من پەنجا و چوار ساڵم و ئەویش بیست و سێ. حەز ناکەم خۆمی بدەمێ، بەڵام دەتوانم گۆرەوی لەپێ دابکەنم و جلوبەرگی بۆیەکردنیشی بۆ بشۆم، دەتوانم بەیانیان و ئێواران داوەتی نان و چای بکەم و گوڵیشی بۆ لە سەر مێزەکەی دابنێم.

ئێستا خەون دەبینم و دەستیشم بەخوێندنەوەی ڕۆمانی خۆشەویستی کردووە، هەمیشە خەیاڵم بۆ لای ئەو دەفڕێ. لەوێ لە سەر پەیژەکان، لە بەربا و بەرهەتاودا، بەدەم فیکە لێدانەوە فڵچەکەی دێنێت و دەبات.

کە گەنج بووم سەمام دەکرد، پێ دەکەنیم و بەهەموو شت یاریم دەکرد، بەڵام دڵداریم نەدەکرد.
ئێستا پیرم و سەما و پێکەنین و یاری نەماوە.

کەچی دڵداری دەکەم.

وا ئێستاش بەهار داهاتووە، ئەم بەهارە ترسناکە – هەموو ئێواران
جلوبەرگی دەگۆڕێ، دەردەچێ و تا درەنگە شەوان نایەتەوە ماڵ.
بەفیکە ئاوازی تازە لێ دەدا و چاوی دەبریسکێتەوە.
لاواز بووە و ئەم بەیانییەش گوڵێکی سیس بەبەرۆکی پاڵتۆکەیەوە بوو.

هێشتا قژم پڕە و قاوەییە و، گوارەشم لە گوێ کردووە
– گوارەی وەک دڵۆپە خوێن، سوور و خڕ –
بەڵام جەستەم – ئاخ، جەستەم تەپ و قورسە و پێیەکانیشم ئاوساون و
وەک دەستاڕ خڕن –
نا ، نا ، ئەو ناتوانێ منی خۆش بوێ! من تەنێ پیرێژنێکی ساویلکەم.

خۆر هەڵدێ و خۆر ئاوا دەبێ، ئێوارانیش باڵندە لە سەر درەختان
دەجریوێنن و سیسرکەی شینیش زیکە زیک دەکەن –
من خەونم هەیە، خەون دەبینم و بەدرێژایی ڕۆژ خەیاڵم
بۆ لای ئەو دەفڕێ
لەوێ لە سەر پەیژەکان، لە بەربا و بەرهەتاودا،
بەدەم فیکە لێدانەوە فلچەکەی دێنێت و دەبات.

من پیرم و ئەویش گەنجە و دەژی و ژنی خۆش دەوێ.
بەعیشقەوە، بەعیشقی ئەوەوە پیر دەبم و دەمرم.
هەست دەکەم خۆشەویستی ئەو ئاگرێکە لە سینەمدا.
وا هەست دەکەم ئەم ئاگرە تا ئەبەد ناکوژێتەوە.



**ئەو بینی** ژن لە گۆلێک بەئاوی گەرم جل بشۆن.
بەباسکی سوورێکی تۆخەوە لە ناو هەڵمەکاندا دەهاتن و دەچوون و
لە دواوەشیاندا، ئاسمان بەو جلوبەرگە هەڵواسراوانەوە، وەک بەفر
سپی بوو.
ئەو بینی دوو ئەڤیندار لە سەر گژوگیای تەپۆڵکەیەک پشوویان دەدا.
زەوی داڕما ، خۆڵ جۆگەلەی بەست
وەلێ دوو ئەڤیندارەکە لە سەر دوورگەیەکی سەوزاییدا دوورکەوتنەوە.
ئەو بینی سەگێک ئاو لە گۆمێکی ئەستێران بخواتەوە.
ئەستێران یەک لە دوای یەکتری ونبوون، سەگێک قووتی دان
سەگەکە هاتە پەیڤین و وتی – تاساوم.
ئەو لەگەڵ زۆر ژنی تر لە بن شوورەیەک دانیشت
خۆر ڕوخساری بەرەو ئاسمان هەڵبڕاویانی وەک دەمامک دەدرەوشاندەوە
کە دەستیان بەسەر و جەستەی داهێنا ، گۆڕا و بوو بەپیاو.
لە پەنجەرەیەکەوە بینی، خەڵک بەڕووتی لە بەرڕۆشنایی ئاگردا سەمایان
دەکرد
ژنی بێ شەرمی قژ کراوە، مەمکی وەک کیسە ئاردیان، بەتوندی
دەلەرییەوە.
ئەو لە دارستاندا تووشی گایەک هات و ڕای کردە پەنا درەختێک،
تا گاکە شاخە پێچاوپێچەکانی لە لکەکان گیربوو و
بێچارە، وەک منداڵێک چاوی لەو بڕی.

# دۆزەخ

کاتێ سوسی دامێن پیس دەچێتە دۆزەخ
شەیتان بەئەدەبەوە زەردەخەنەی دێ و، وەک خولام سەر دادەنوێنێ و دەڵێ –
بەخێرهاتی خانمەکەم! ڕەنگە بتوانن یەکسەر کارەکەتان بکەن؟
ژوورەکەتان ڕازاندراوەتەوە –
جگەرە، میوە و بادەی تێدایە.
ئارەزووی شتێکی تریشت کرد، زەنگ لێ بدە!
ئەگەر بۆشم هەبێ بڵێم، ئەم ڕێگایە بگرە
پیاوەکان لە دەرەوە چاوەڕێن –
سوسی زیناکار بەلەنجەولار دەڕوا و پەڕەمووچی شەپقەکەی دەلەرێتەوە.
ئەبەدییەتی دەست پێ دەکا –



# ئاشی وا، باراشی وا

لەخەونمدا ئاشێکم بینی باراشی نەدەهاڕی، گۆشت و ئێسکی نەدەهاڕی.
بەژنی گەورەی تا سەر ڕان لە زەریادا نەدەگەڕا، بە با و ئاویش نەدەگەڕا:
هێزی نادیار ئەم ئاشەی دەگێڕا، ئەگەر لە سەر خۆر یان لە بن زەوییەوە هاتبن،
ئەوەی دەیهاڕی بەرد بوو، لە بەرد بەولاوە هیچی تر نەبوو، لە
بەردەکانیش ئارد دەهاڕدرا: ئاردە بەردێکی گران و بۆری بریقەدار
بەڕەونەقی پاقر
بەڵێ لە بەردەوە ئارد دەبوو و دەکرا بەنان، ئیتر بەرد لەجیاتی نان نەبوو،
بگرە بەرد دەبوو بەنان.
بەردێکی هەر هێندەی گلێنەی چاو دەبوو بەنانێکی گەورەوە، وەک مێزێکی خڕ بۆ خێزانێکی گەورە.
نانێکی باشیش بوو، ڕەق بوو بەڵام بەسوود بوو، ئەو خەڵکانەی لەو
نانە بەردەیان دەخوارد بەهێز بووبوون، ددان بەهێز و چاو تیژ بووبوون،
زۆر دەژیان و پێشبینییان دەکرد، وەکو تێلیسکۆپ دووربین بوون،
لە دوورەوەش بینییان گرفتەکە نزیک دەبێتەوە، بەڵام زۆر لەسەرخۆ:
بەرد ناڕوێ و ڕۆژگارێک دێت تەواو ببێت،
کێشەکە ئەوە بوو، بەرلەوەی ئەو ڕۆژە بێ، فێری ئەو هونەرە دەبن کە
لە ئاو یان لە تیشک، یان لە شتێکی نادیار و نەدۆزراوەدا نان دروست بکەن،
ئاشێکی وام بینی: باراشی نەدەهاڕی، گۆشت و ئێسکی نەدەهاڕی، تەنێ
بەردی دەهاڕی،
بەڵام ئەم ئاشەش ڕۆژێک لە هاڕین دەکەوێ.

## پەیڤ لە بارەی ژن

ژن درەختێکە ڕەگی قووڵ لە زەوی ڕۆچووە – پیاو ئەو ڕەشەبایەیە
کە چڵەپۆپەی دەهەژێنێ.
ژن حەز لە ڕێچکە ڕکەکانی چیا ناکات و لە بەربای سارد و بڵندیدا
مووچڕکەی پێدا دێت و
تامەزرۆی بەرهەتاوی ئەو دەشتەیە.
باڵندەکانی ژن کەوین، لە هێلانەکاندا هێلکە دەکەن و لە سەر زەویش
دانەوێڵە هەڵدەگرنەوە،
بەڵام بۆ پەلاماردانی ئەستێران نافڕنە فەلەک.
ژن لە تامەزرۆی ئەوەی گوێی لە ئاوازێکی نایاب بێت، هیچ ژێیەک
توند ناکات.
ژن ژیانی ڕۆژانەی گەرەکە، لەم ئارامییە گەورەیەدا گرفتە بچووکەکانی
دەوێ.
ژن ئەم بایە بزێوە بچکۆڵەیەی ڕۆژێکی کشوماتە، ئەم گەواڵە بارانە
کەمەیە
کە تیشکی خۆرەتاوی بەدوادا دێ.
ژن شتی زۆر کۆن و ژیر و ئەبەدی دەوێ،
هی نوێ و سەربزێوی گەرەک نییە.
ژن وەک کێڵگەی بەهارانە: خۆڵە و حەز دەکا تۆ بکرێ.
ژن نەخێری نییە.
ژن حەزی لە کۆت و پێوەندیی خۆی و خەڵکی ترە،
ناوک لە ژنەوە دێت.
ژن ئەو کەوانە شل دەکاتەوە کە پیاو توندی دەکات.



کاتێ پیاو باسی شتێکی زۆر گرنگ دەکات و ئاگری ڕۆحی دەخاتە ناو
وشەکانەوە،
ژن تەماشای دەمی گەرمی دەکات، ماچی دەکات و پرسیاری لێ دەکات،
ئێوارە چ خواردنێکی بۆ لێ بنێ.
ئەی داڵ کە گەرەکتە لە بۆشاییەکاندا بفڕێت،
لێ نەگەڕێیت هیچ هێللانەیێکی گەرم بەندت بکات.
ئەی «سیمسون» کە گەرەکتە بەسەر دوژمنەکانتدا سەرکەویت،
نەهێڵی هیچ «دێلیلە»یێک هێزت ببات.

## نهێنییەکانی ژن

بڕۆنە بن ڕەشماڵەکە، لە بەرچراکەدا تەماشای ژنەکە بکەن.
ژنە ڕووتەکە.
بێ ئەوەی داوێکیش لە سەر جەستەی خودایی دابێت.
دیمەنێکە قەت لەبیرتان ناچێ، دەبێتە یادگارێک
دڵنەوایییە لە ئاویلکەدا،
یادگارێکە تیشکی دەگاتە سێ چوار نەوەتان.
نا، ئەو ناتوانێ بتانبینێت، هێشتا چاوەکانی نەکراونەتەوە.
ناتوانێت گوێشی لێتان بێت، چونکە هێشتا نوستووە،
خەون بەجەستە و جوانی خۆیەوە دەبینێت،
ئێوەش تەنێ لەگەڵ ئەودا خەون دەبینن
دەتوانن زۆر لە نزیکەوە سەیری بکەن
تەنێ بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، چونکە ئەوسا وەک ئەو خەونەی کە
ئەوە ون دەبێ.
سەیری سکی بکەن، ئەم گردە سپییە هەناسە دەدا
سەیری ئەژنۆکانی بکەن، چۆن وەکو بیلبیلەی چاو دەجووڵێن
سەیری کەمەری بکەن، دەستی نادیار گرتوویەتی و
مەمکەکانیشی هێزێک قیتی ڕاگرتوون و بڵند و نەویان دەکاتەوە.
خونچە گوڵی مەمکەکانیشی لەبن چراکەدا دەگەشێنەوە و سیس دەبنەوە.
بەڵام بەر لە هەموو شتێک سەرنجی تراویلکەکانی پێستی بدەن.
ئەم دیمەنە سەیر و سەمەرانە کە هەمیشە دەگۆڕێن
ئەم دەشتانە کە لە چرکەساتدا دەگۆڕێن
ئەم زیندەوەرانەی کە خواکان دەپەرستن، یان ئەوانەی نەوەیان



لێ دەبێتەوە
ئەوانەی کە با هەڵدەکەن، شیعر بۆ ئاگر یان بۆ ئاو دەڵێن،
ئەم بەلاداهاتنەی چڵەپۆپی بەربا و خولدانی مەکینە، ئەم هاوسەنگییەی
نێوان چاڵ و منارە،
نێوان نان و خۆشەویستی،
فۆرمی شەڕی مار و کۆڵەگە لە هەمان وێنەدا،
ئەم خاچەی کە وەکو قومریەکی دۆڕاو و ماسییێک کە بخزێتە چاوانەوە
لە کۆشیدا تیشک دەدا،
ئەو ژنەیە کە کەس نایناسێ، ئەو کە بەهەموو عەجایباتی خۆیەوە
نوستووە
بەتراویلکە لە دوای تراویلکەدا و تۆ لە ناو تۆدا پشوو دەدا
درووێنەیەکە بۆ لە دایک نەبووەکان، خونچەیەکە زەریاییێکی بزێو گوڵی
حەشار داوە.
ئەو ژنەیە کە هێشتا چاوی هەڵنەهێناوە:
ڕەنگە نیگای وەک ئاوێنەی بەرخۆری لێ بێت، نەتواندرێ سەیر بکرێ،
ڕەنگە وەک ئاژەڵێکی ئاوسی لەش ناسک وئاوساو، لە پەلوپۆ کەوتبێ.
ڕەنگە وەکو زەریایەکی زۆر شەووڕۆژی بەرڕەشەبا، زامدار بووبێ،
ڕەنگە وێنەی زۆر ئاوێنە بێت، تێیدا هەر دەنکە تۆیەک، درەخت و
دارستانی خۆی نیشان دەدا و هەر خانەیەکی پێستیش، بیری بێ بنی خۆی
نیشان دەدا، کە بەدەست و پەنجەی لێک ئالاودا هەڵچندراوە،
سەرنجی بدەنێ، بیروانن:
مەزارێکی زیندووە، دەگەڕێ و ئاسۆیەکان بەیەکترییەوە دەبەستێتەوە.
کاتێ ئەو ئەستێرەیەی بەرەو سەرەوە دەڕژێ،
چرایەکە پرتەییێکی دێ و خامۆش دەبێ،

## هاوینان دەشتەکەت دیوە؟

گوندی دەشتەکانت دیون، ئەو گوندە کۆنانەی تا ئێستاش ژیار تێیاندا
سەرەتایە و ساغ و ساکارە؟
کیژۆڵەی دەشتەکانت دیون قژی درێژیان شانە بکەن
یان ئێواران لە جۆگەلان پێیان بشۆن
یان لە دوای ڕۆژێکی گەرمی وەرزی دروێنەدا
لە پەسێوی درەختێکدا، لە ناو گوڵە ئاویی زەردا مەلە بکەن؟
پیاوەکانت دیون لە مانگی جۆزەرداندا لە بن داری میوە دابنیشن
داس تیژ بکەن و کاتێ با چڵەپۆپەی درختەکان دەهەژێنێ
کاڵە هەرمێ بکەون و لە سەر زەوی تەپەیان بێ؟
ژنێکت دیوە لە ناو ئەو بژوێنی شینایییەدا نووشتابێتەوە و
لە بن خۆڵدا یەکەم پەتاتەی سووری کاڵ دەربهێنێت؟
وەرە هاوینێ لەم دەشتەدا بگەڕێ.
لە گەردوگوڵی بەیانیدا شیری گەرمی گوان لە شیردانی بێرییان بخۆوە.
وەرە لەگەڵ ژنە گێوژرنەکان گێوژ بخۆ کە لە سەر پەیژەی بلندی
بەدرەختی گەورە هەڵپەسێردراودا وەستاون و با لە بن تەنوورەکانیاندا
یاری دەکا.
لە ناو گژوگیای ڕۆخی کێڵگەدا پشوو بدە و
گوێ لە خشە خش و چرپە چرپی گوڵەگەنمی تەواو زەردبوو و گران بگرە
لە نهێنییەکانی کێڵگە ڕامینێ و لە چیرۆکی ژیان بگە.
خاڵخاڵۆکەیەک لە سەر پەنجەت دابنێ و با وەک پرووشکە ئاگر
بەرێگای
خۆیدا بفرێ.



دەمی ئێواران گوێ بۆ شنەی درەختی گەورە ڕادێرە و هەست بەبێ
جوولەیی کات بکە،
یان وا هەست بکە کات زێیەکی گەورە و قووڵی لەسەرخۆ ڕۆیە.
ئێوارانی گوند لە سەرەتای خەرمانانداندا ببینە، کاتێ دارودەوەنی
کێڵگەکان چرۆ دەکەن
یان لە وەرزی دروێنەدا کاتێ لە سەر ڕێگاوبانەکاندا داس کەوتووە.
شەوانی ڕووناکی هاوین ببینە کاتێ سووسکە دەگمێنن و
ئەسپیش لە مێرگی تەماویدا دەلەوەڕێ،
کاتێ پشیلەکانیش بەدرێژی کێڵگەکان بەوریایییەوە لە ڕاودان و
کچ و کوڕی گەنجی ئاشقیش لە بن داران پستە پست دەکەن.
وەرە و هاوینێ دەشت و گوندە کۆنەکان ببینە،
ئەو گوندانەی تائێستاش ژیان تێیاندا سەرەتایە و ساغ و ساکارە.

## سێلۆ

پیاوێک بەسێلۆوە، مۆسیقاژەنە. لە ناوەڕاستی ژووردا دانیشتووە و پێیەکانی داونەتە بەر سێلۆکە. سێلۆکە وەکو ژنێکی جنسی نێکی بەرینە. کەوانەکەی بەسەردا دێنێ و ئەویش پڕ بەدڵ لە سینەیدا گۆرانی دەچڕێ – ئاوازێکی گران و گڕی ڕەونەقدار. پەنجە سپییەکانی لە سەر ملیدا هەڵدەبەزن و دادەبەزن، بەهەنگاوی دڵنیاوە بەسەر ژێیەکاندا دەگەڕێن.

لەمێژە پیاوەکە بەسێلۆوە دانیشتووە و ئاواز دەژەنێ، لە نهۆمی سێیەمی خانووێکدا دانیشتووە، لە دەوروبەریدا خەڵک دەژین. ئاوازەکانی سێلۆکە بەناو دیوار و حەسیردا دەچۆڕێن. بەسەر دڵ و دەروونددا دڵۆپە دەکەن.

پارێزەرێک جنێوێک بەمامەڵەیەکی چەورنەبووی تەلاقدان دەدا، ژنێکی دووگیان هەست دەکات خوێنی گرانی گۆرانی دەچڕێ، پیاوێکی نەخۆش ڕوو وەردەگێرێت و گوێ هەڵدەخا، شتێکی بیر دەکەوێتەوە – دارتەلەکانی تەلەفۆنی وەبیر دێنەوە، کە بەمنداڵی گوێی پێیانەوە دەنا، لەودیوی دواخانووی شاریشدا دەشتاییەکی گەورە بوو، لە دەم ڕێگاوبانەکانیشەوە گوڵ ڕوابوو، کە لێ دەکرانەوە تۆزیان دەدا، بڵاو دەکاتەوە. ژنەکە لەبەرخۆیەوە بەگوڵەکان زەردەخەنەی دێ و لەناکاو لە شوێنێکی ژوورێکدا لەگەنێکی کریستاڵ دانراوە بەئاستەم دەجوولێ ژنێک ئاوی تێ دەکات و گوڵی سووری لەناو دادەنێ – دەسکەگوڵێکی گەورەی وەک خوێن سوو یەکسەر بونێکی قورس و مەستکەر هەست دەکات دڵی توند لێ دەدا تیشکێک دەکەوێتە سەر پیاوەکەی بەسێلۆوە، ئەوسا ژێیە لەریوەکان کلۆپە دەکەن وەکو ئەوەی ئاگریان گرتبێ.



**چراوگێکی** شووشە شینم بەدەستەوەیە و لە ناو پارکێکدا بەڕێوەم کە تێیدا درەختەکان بەقژی ڕەش و درێژەوە، وەک ئەوەی لە ناو ئاودا ڕوابن دەهەژێن، کۆمەڵێک سەدەفیش گردبوونەتەوە سەریەکدی و لە نێوانی مەرگ و گەرانانەوەدا تەکان دەدەن.

من پێ خواستم و بەفریش دەبارێ، سەعاتێکی دیوارم لە بن باڵم هەڵگرتووە، وەک لە تاگرتندا بەخێرایی لێ دەدا، وەلێ هەنووکە لە چاڵێکدا بەبەفر دادەپۆشرێ. کاتێک لە بەردەروازەیەکی ڕۆشندا دەوەستم، دەبینم ئەوەی هەڵم گرتووە سۆنەیێکی ڕەق هەڵاتووە.

بەدەنگی بەرز نووسینێکی سەر دیوار بۆ خەڵک دەخوێنمەوە، بەڵام تا دێ تێکستەکە لە بەرچاوان دەتوێتەوە و دەبێ بەدیقەت بەپەنجە بیخوێنمەوە، وەک ئەوەی نووسینی زبر بێت، لەوە ناچێ کەس هەست بەم سەقەتییەم بکات و کۆتاییەکەش وا دەبێت کە شوورەکە وردە وردە دەتوێتەوە و دیمەنێک بەڕووی لووتکەی بەفراویدا دەکرێتەوە.

دێمە ناو ژوورێکی تاریک و دەبینم شتێکی تێدا بخوولێتەوە، وەکو باڵندەیەکی کەمێک ڕووناک، بەڵام لە نزیکەوە دیارە کە تاڵەمووی خوولاوەی قژی ژنە کە وردە پڕووشک دەیهێنێت و دەیبات و بێ وچان هەوڵ دەدا لە گۆشەکانەوە ڕێگایەکی دەربازبوون ببینێتەوە.

هەر من لە ناو خەڵکەکەدا ڕووت و قووتم، بەڵام هەر من دەتوانم بیر لەوە نەکەمەوە، کەس هەستی پێ ناکات، هەر بەڕاست هێندە بەمووم هەموو ئەو شتانە دەشاردرێنەوە کە پێویستن، وەکو بنچکی چڕوپڕی لە داوی مس دروستکراودا دەدرەوشێتەوە، نا، وا دەسووتێ و کڵپەکان بۆ سەرەوەی جەستە دەکشێن، دووکەڵەکە ڕەشە و بەرەو ڕووخسارم بەرز دەبێتەوە، هەوڵ دەدەم بەدەستەکانم بیانکوژێنمەوە بەڵام دەست دەسووتێ، لەجیاتیدا بوێرانە باوەش بەژنێکیاندا دەکەم و توند دەیگوشم، لەسەرخۆ

خۆی لە بەردەستم دەسووڕێنێت و لای پشتی وەکو بەرد سارده و کاتێ خۆمی بەسەردا دەنووشتێنمەوە، لەپڕ بەسەردەمدا بەسەر پەرژینێکی بەردا کەوتووم و چاوم بڕیوەتە گۆمێکەوە کە تێیدا گەڵا و ماسییەکان خۆ وەردەگێڕن و لە ڕەشەوە دەبن بەزیوینی لە هەمان ساتیشدا جێگۆڕکێ دەکەن.

بەژنێکی نیوە زیندووی بەسەر دەستمدا شۆڕبووەوەوە لە ئاگرەکە دوورکەوتمەوە، لە لێواری شاخدا دەوەستم و لە خوارەوە کلێپەکان دەبینم بەربینە بەلەمێکی بچووکەوە: کە ڕا دەکەم لە بەربادا گڤەم دێ، هەست



دەکەم ئەو لە تەنیشتم وەکو باڵێکی شکاو بەلادا دێ.

**وەک** بەرد نەرم و وەکو «سی دەریا»ش ڕەقم

کاتێ ئێوە لە سەر کەناری ڕووباردا دەگرین، من لەوبەرم

باوەڕم بەهیچ شتێک نییە، باوەڕم بەخۆشم نییە

من پارە و سەربەرزیم ناوێ، خەڵاتی پەیمان شکاندن

بێ خەڵاتکردن پەیمان دەشکێنم

نامەوێ گرنگ بم، نامەوێ باوکی کەس بم، سەخت دەبم بکوژرێم

کچی هەژار و ساکارم پێ باشترە، لەزەت لە ئەژدیها ئاوریشم لەبەرەکان نابینم

لە هەناسەسواریی پشتبەندی دابونەریتدا ڕا دەکەم

لە ناخەوە هیچ شتێکم بەلاوە گرنگ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر شتان توڕەم،

ڕکم لەو کەسانەیە کە بێ یاسایی ناکەن، وەک ئەوەی کە ڕکم لە تاوانکارانیشە

هەر هێندە لەگەڵ شۆڕشگێڕانم تا بەئامانجەکانیان نەگەیشتوون

پیاوی باریکەڵەم خۆش دەوێن کە شەوان خراپ دەنوون

من ئەوانەم خۆش دەوێن دەست لەرزۆکن و نیشانەش دەپێکن

من بێ خۆ ئامادەکردن و تێکەڵ و پێکەڵ شیعر دەنووسم

شیعر دەبێ حەلەق و بەلەق بێ، ئەگەر نا لە ڕێکوپێکیدا دەمرێ

نازانم هیوام چییە، بۆیە ئاسوودە بەڕێوەم

من نەرمونیان نیم، سەربەرزیش نیم، من ئەو ئاوەم کە جۆگەلەی بەستووە

ببم بەهێزێک لەبەرئەوەیە بەرم دەگیرێ

من هەمیشە لە دوورەوەی ئیندڤیدوالیستەکاتم، کە وەکو گرێ لە یەکدی ئاڵاون

دەبمە دوا پیادڕۆی ناو ئوتومبیلان، بێ موڵک و ماڵم، لە ناو هەموو خاوەندارە سەربەرزەکان
ماڵی دنیا قورسە، من دەمەوێ باڵەکانم بەکاربهێنم
کەس بەزنجیر لە کێلێکم نەبەستێتەوە، کە پێشوەخت لەسەری نووسرابێت
هاوتەمەنەکانم تووڕەن، یان دەمڕواننێ
ئەگەر لاوان بزانن هەم، بێ نرخم دەزانن
بۆ من زۆر باشە، هیچ گەنجی خۆویست، لە خەیاڵی خۆییم نەبەستێتەوە
نەمنداڵەکان و نە پیرەمێردەکانیش دەپەرستم. من خۆم منداڵێکم لە جەستەی پیرەمێردێکدا
ترسی مرۆڤ و سروشتم لەسەرە، لە هەڕەشەی ئەمیانەوە بۆ لای ئەویتریان سەرهەڵدەگرم
ترسان وەکو هەناسەدان سروشتییە، هەر ئەوانەی دەترسن بەبەرهەممن،
مار زیندەوەرێکی خۆشەویستە، ئەگەر هەمان جۆری ژەهرت هەبێ
زۆر بەهەڵە لە ژیان گەیشتووین، تەنێ هیوامان بەژیان هەڵە نییە
ئەوەی نەتوانێ ناکام ببێ، نرخی هیچ نییە
تەنێ بێ چەک دەمێنێتەوە، لە ئاکامدا بکوژ خۆی دەکوژێ
دەبێ مرۆ بەرگری لە خۆی لێ بکرێ، بەڵام کێ بیکا ؟
ئەدی کێ منداڵان لە وێرانییان ڕزگار بکا، لەوێ لە هەموو شوێنێک لەگەڵ
مەرگدا یاری دەکەن؟
من لە وێرانییدا دەژیم و ناتوانم بەشێکی ئەو نەبم
بەڵام چۆن پێی خۆم ببڕمەوە؟ لەو دوو کەسەی لە ناخمدا شەڕیانە
کامیان ساغەکە و کامیان نەخۆشەکەیە؟



ئایا بەکتریاکان نایاب، خێرا و چاپووک و ماندوونەناس نین؟
ڕەنگە بەکتریاکان لە سەرەوەی مرۆڤ بن، ساغی ژیانە دەرمانی نەخۆشی بێچارەمان.
دوا سەربەرزییە لە هیچ شتێکدا خۆت نەدۆزیتەوە.
ئەنکەبووتی گەورە کە لە بەرهەتاودا خۆی لەتلەت دەکات
باشترین ڕێنیشاندەری مرۆڤە
سایکۆلۆژی برووسکە پێناسە دەکا، مۆسیقا برینی خۆی دەلێسێتەوە
پەیکەر سروشت بەرداوی دەکا، نیگار کونی حەقیقەت دەشارێتەوە
ئەگەر ژیان وەکو هەڕەشە، بێ ئارامی و گۆڕان نەبینین، بەکتریاکان بەسەرماندا سەردەکەون.
حەقیقەت بەلایەوە گرنگ نییە بمێنێتەوە، ئەو تەنیا دەیەوێ هەبێ.
بەردەوام پێستی خاراومان ڕادەکێشێت و ڕووتمان دەکاتەوە.
ئەو بەردەین، ساتمەی لێ دەکەین و بەسەریاندا دەکەوین، ئەو خانووانەی وا

دروستیشیان دەکەین، لە ئێستاوە کەوتوونەتە ناو دیرۆک و نەماون.

**شاعیری بەر با**

شاعیری بەر با ، بەر با
کە لەبەر ئەو بایەی، کەس ناتوانێ ڕای بگرێ، یان ڕووی وەربگێڕێ
گێوژ لە درەخت دەوەشێنێ
لە بەربادا
هەموو شارەکان بەچراوە دەهەژێنێ
شاعیری بەر با ، خۆیشی بایە
ئارەزوو، دەسەلآت و وشەکانیشی بان
دەشلێ، مرۆڤ لە بایەکی سەر زەوی بەولاوە
شتێکی تر نییە.
ئاخ، ئەوسا با بەشەپۆلی ڕۆشن گەلآکانی لەراندەوە و
گۆزەڵەیەکی پڕ کرد لە ورشەی شین
دەرگایەکی بەسەر لمووزی سەگێکدا داخست
پالی بەکچێکی سەر جۆللانەوە نا و بلندی کرد
ئێستاش: ئەم بۆن سۆیەی
دوارۆژ و پەژارەیی
بۆنی بەردە داغبووەکان
کۆسە ماسیش لە تەنکایی ڕاکشاوە و هەناسە سوارە
شێری دەریاش بەگابەردەوە نووساوە و دەبۆڕێنێ
دەریاش تەکان دەدا و کۆت و پێوەند دەپچڕێنێ
بەندایەتی! لە هەموو شتێک بەندایەتی!
دەریاش بەندە، باش بەندە



ئازادی، خەونمانە و ئازارمان دەدا
ئازادی ئەوەی کە من بم و تۆ بیت، هەریەکەمان بۆ خۆی،
ئازادی ئەوەی لە ڕەگەزی مرۆڤانەی خۆت
بچیتە دەرەوە و بێیتە ژوورەوە
ئەم ئازادییە مەحاڵە.
لەجیاتیی گەلان و ئاپۆڕەی خەڵک
کە هاتوهاواریانە و وەکو دەریا شالآو دێن
لەجیاتی
شالآوی بەیەکەوەیان بۆ سەر شاخەکان
لەجیاتی جۆگەکان، کێڵگە بێ پەرژین و
ژیاری سەر شەپۆڵە گەڕۆکەکانی نێوان ئاسۆکان.
لە جیاتی میللەتان، ئاپۆڕەی خەڵک و
ئازادی ئەوەی دڵۆپێکی دەریا بیت.
بەڵام خەمی ناو هاژوهۆژی دەریا ؟
دڵتەنگی لە بەربادا ؟
بۆ کوێم دەبەیت با ؟
دەستی تەنک و بەهێزت بۆ کوێم دەبا ؟
بۆ کام دەشتی گیا ، یا ئاقاری ئاوم دەبا ؟
بۆ کامە نیوە دوورگەی لەرزۆکم دەبەی؟
بۆ کامە شاری ڕووخاوم دەبەی؟
وشەکانم بۆ کوێ دەبەی با ؟
بۆ بۆشاییەکان، تا لە فەلەکدا بخوولێنەوە
لە شەوی ئەنگوستەچاودا

بۆ ناو ئەستێرە سووتاوەکانی دەبەی؟
یان هەر دەکەون و لە ناو دڕک و داڵ و
دووپشکی کەناردا لە لم دەخشێن؟
بای بێ ئەژنۆ،
بای ڕەونەقدار، وەکو دەموچاوی کاغەزی قوومار
بای کە بەردیش وەکو خوێ دەتوێنێتەوە و
قەت وەڵام ناداتەوە



قەت وەڵام ناداتەوە.

## وەرە لە بن ئاسمانی پایزدا بڕۆ

ئاسۆکان کۆڵەگەی شین بەسەر ڕۆژە خۆشەکانەوە توند دەکەن
پەلکەزێڕینەکانیش دەروازەی سەرسووڕهێنەر هەڵدەچنن
لە ئێستاوە دارستانەکان سوورن و گوندەکانیش بۆنی دەغڵودانیان لێ دێت
با بڕۆین، ڕێگای دوور بگرین و
ئازار بکێشین، تەنگانە و ناخۆشی ببینین و
چەند ساتێکیش بۆنی ڕەزی بۆنداری سەر ڕێگا بکەین
کە هەمیشە نەناسراو بەهیوای زۆرەوە پێی دەگات –

ڕەنگە لە خانوویەکی نەناسراودا بەختیاریت دەست بکەوێت و
لەودیوی پەرژینی ڕێگاشدا سوورترین ماچ بچنیت
بەڵام نەهێڵێت بتگرێت، ڕانەوەستیت – هەر بڕۆ – بڕۆ
هەموو شتێکی نوێ، ئەوانەش کە هێشتا دروست نەبوونە و
هەموو ڕووبارەکانیشت خۆش بوێ –

وەرە لە بن پەلکەزێڕینەیەکی جۆزەرداندا برۆ.

## پێرست


**ئێدیت سۆدێرگران** ........ 7
لە تاریکیدا ........ 9
دۆزەخ ........ 10
درەختێکم بینی ........ 11
خۆشەویستی ........ 12
خوشکی ژیان ........ 13
هیچ شتێک ........ 14
پایز ........ 15
مۆمێک لە پەنجەرەیە ........ 16
سێ خوشک ........ 17
لە دارستانە گەورەکاندا ........ 18
وشە ........ 19
گۆرانییەکەی سەر چیا ........ 20
ئەستێرەکان ........ 21
باڵندەیەکی بەندکراو ........ 22
گۆرانییەکەی لە بارەی سێ گۆڕەکە ........ 23
خوشکەکانمان بەجلوبەرگی ڕەنگینەوە دەڕۆن ........ 24
ڕازی بەهار ........ 25
بەهاری باکوور ........ 26
خۆزگەیەک ........ 27
گوڵ ........ 28
گوڵە دەستکردەکانم ........ 29
ئێوارە ........ 30
ئەم باخچە گەورەیە ........ 31





ڕۆژە خۆشەکان ........ 32
ڕەش یان سپی ........ 33
کازێوەی زوو ........ 34
خەونی نیگورهان ........ 35
باوەڕ بەخوشکم دەکەم ........ 36
پاکیزەی شەوان ........ 38
پایزان ........ 39
گوڵ ........ 40

**گونار ئێکێلۆف** ........ 43
لەناو گوڵە ئاوییەکاندا ........ 45
مەبزووێ ........ 46
گەڕیدە ........ 47
بێ گومان کەنارێکی سێبەرە ........ 48
شەپۆلدان ........ 49
نامە سوێدییەکان ........ 50
تەنیا ، تەنیا ........ 52
لە کتێبی خۆکوشتنەوە ........ 53
پێنج جاران ........ 55
ئەی مەرگ ........ 56
داستانی فاتیمە ........ 57
دیوان لە بارەی میری ئێمگیون ........ 67

**ئارتوور لوند کڤیست** ........ 71
شار ........ 73
ژیانی ژن ........ 79
کۆتایی ........ 81
ڕووخسار ........ 83
پایز ........ 84

سەحەر ..... 85
کات؟ ..... 89
درەخت ..... 87
مۆسیقاژەندنێکی گەنجانە ..... 88
شمشاڵی قوڕ ..... 89
باوەش ..... 90
باران ..... 91
ئەمشەو ..... 92
ژنە بەرگدرووەکەی نهۆمی پێنجەم ..... 93
بەیانی کچە کرێکارێکی کارگە ..... 95
هاوینە وەرزی دروێنەیە ..... 97
لە قەراغی کێڵگەکەدا ..... 98
ژنێک ..... 99
ژنە قەرەج ..... 100
ژن ..... 101
چاوی ژن ..... 102
بۆ.. ..... 103
ئێرۆسی پیری ..... 104
ئەو بینی ژن ..... 106
دۆزەخ ..... 107
ئاشی وا باراشی وا ..... 108
پەیڤ لە بارەی ژن ..... 109
نهێنییەکانی ژن ..... 111
هاوینان دەشتەکەت دیوە؟ ..... 113
سێلۆ ..... 115
چراوگێکی شووشە شین ..... 116
وەک بەرد نەرم و ..... 118
شاعیری بەربا ..... 121